# مەسیحییەت و دانپێدانان

## میشێل فوکۆ




وەرگێڕانی: سەروان ئەحمەد

کتێبی ژنەفتن
٩

کتێبی ژنەفتن

٩

# مەسیحییەت و دانپێدانان

میشێل فوکۆ

وەرگێڕانی: سەروان ئەحمەد

# مەسیحییەت و دانپێدانان

میشێل فوکۆ

وەرگێڕانی: سەروان ئەحمەد

وەشانی ژنەفتن
jineftin.krd
ناونیشان: مەسیحییەت و دانپێدانان
نووسینی: میشێل فوکۆ
وەرگێڕانی: سەروان ئەحمەد
دیزاینی: گەیلان عەبدولڵا
مێژووی بڵاوکردنەوە:
هەولێر، ژانوییەی ٢٠٢٢
چاپی یەکەم: ئەلیکترۆنی
٩٢ لاپەڕە
Email: jineftin@jneftin.krd
مافی لەچاپدانەوەی ئەلیکترۆنی و کاغەزی پارێزراوە.
بڵاوکردنەوەی پاژ یان بەشێک لە وتار و کتێبەکان تەنیا بە ئاماژەدان بە سەرچاوەکە ڕێ پێدراوە.

فوکۆ وتاری «مەسـیحییەت و دانپێدانان [Christianisme et aveu]» لە ٢٤ـــی نۆڤەمبەری ١٩٨٠ لە کۆلێژ دارتمۆس پێشـکەش دەکات. ئاسـایی ئەم وتارەش پێشـتر لە ٢١ـــی ئۆکتۆبەری ١٩٨٠ لە زانکۆی کالیفۆرنیا لە بێرکلی پێشـکەش کراوە و لەگەڵ دەقی وتارەکەی دارتمۆس جیاوازی هەیە. لەبەر ئەوە ئەم دوو وتارەم تێهەڵکێش کردووە و جیاوازیی وتارەکەی زانکۆی کالیفۆرنیام خسـتووەتە ناو ئەم جۆرە کەوانەوە [[...]]. ئەم وتارە یەکێکە لە دەقە گرنگ و بنەڕەتییەکانی فوکۆ، بە تایبەت ئەو دەقانەی کە دەکەونە نێوان سالانی ١٩٧٦-١٩٨٤.

❊❊❊

تێگەی ئەم وتارە هەمان تێگەی وتاری هەفتەی ڕابردووە. تێگەکە ئەمەیە: چۆن لە کۆمەڵگەکانی ئێمەدا ئەو شتە شکڵی گرت کە دەمەوێت ناوی بنێم شـیکارکردنی ڕاڤەکارانەی خود[1]؛ یاخود، چۆن لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا، یا بە لایەنی کەمەوە لە کۆمەڵگە مەسـیحی و مۆدێرنەکاندا، هێرمنۆتیکی

1. Interpretive analysis of the self

خود[٢] شـــكڵی گرت؟ هەرچەندە دەتوانین لە کولتوری یۆنانی، هیلینیستی و ڕۆمیدا، زۆر زوو تەکنیکگەلێکی وەک خود-تــاقیکردنــەوە یــا خود-هــەڵکۆڵین[٣] و دانپێــدانــان بــدۆزینــەوە، بــەڵام پێم وایــە کــە جیاوازیگەلێکی زۆر گرنگ لەنێوان تەکنیکە یۆنانی و ڕۆمییەکانی خوددا هەیە- تەکنیکە کلاســـیکییەکانی خود- و تەکنیکە گەشـەکردووەکان لە مەسـیحییەتدا. و ئەمشەو هەوڵ دەدەم نیشانی بدەم کە هێرمنۆتیکی مۆدێرنی خود زیاتر ڕیشــــەکەی دەگەڕێتەوە بۆ تەکنیکە مەسیحییەکان تا تەکنیکە کلاسیکییەکان [ـــی یۆنـــان و ڕۆمیی کۆن]. بـــە بـــاوەڕی من، *gnôthi seauton*[خۆت بناســـە]، لە کۆمەڵگاکانی ئێمەدا و لە کولتوری ئێمـەدا، زۆر کەمتر لـەوەی کە پێمان وایە خاوەنی باڵادەستی و کاریگەرییە[٤].

---

[2]. The hermeneutics of the self

[3] .self-examination

[٤]. فوکۆ لە زۆر شوێندا، و بۆ نموونە، لە کۆڕێکی گفتوگۆدا کە بەدوای هاوسن لێکچەرز لە بێرکلی ساز کرا، جەخت لەسەر دابڕانی نێوان *gnôthi seauton* لە سەردەمی کۆندا و «خۆت بناسە»ی مۆدێرن دەکاتەوە. بگەڕێنەوە بۆ: HS, p. 16 et 433-444. فوکۆ لەم دەقەدا دەڵێت کە نابێت «مێژوویەکی بەردەوامی *gnôthi seauton* پێک بهێنین کە تیۆرییەکی گشتی و جیهانیی سوژە پێشگریمانە بەرهەست یا ڕاشکاوەکەیەتی»، بەڵکە دەبێت «بە

[[زۆر باشـــە، چەند کەســـێک داوایان لێ کردم کە ئەمشەو پوختەیەکی کورتی ئەو شتە پێشکەش بکەم کە دوێنێ شـــەو[٥] وتم. هەوڵ دەدەم ئەم کارە بە شێوەی زنجیرەیەکی باشی تەلەڤزیۆنی ئەنجام بدەم. کەواتە، لە دواهەمین بەشـــدا چی ڕووی دا؟ لە ڕاســـتیدا هیچ شـــتێکی گرنگ ڕووی نەدا. هەوڵم دا ڕوونی بکەمەوە کە بۆچی ســـەرنجم خســـتە ســـەر کردارەکانی خود-هەڵکۆڵین و دانپێدانان. وا دێتە پێش چاوم کە ئەم دوو کردارانە شایەتگەلێکی باشن بۆ گرفتێکی گرنگ، واتە جینالۆژیای ســـوژەی مۆدێرن. ئەم جینالۆژیایە لە چەندین ســـاڵ پێش بەدواوە وەسوەسە و سەرقاڵیی زەینیی من بووە، چون ئەم جینالۆژیایە یەکێکە لە ڕێگە ڕەخساوەکانی ڕزگاربوون لە فەلســـەفەی نەریتیی ســـوژە. و دەمەوێت هێڵە گرنگەکانی ئەم جینالۆژیایە لە دیدگای تەکنیکگەلێکەوە پێشـــکەش بکەم کە من ناویان دەنێم

---

شیکارییەکی فۆرمەکانی تێڕامان و مێژوویەکی کردارە بناغەییەکانی ئەم فۆرمانەی تێڕامان دەست پێ بکەین تا بتوانین ماناکەی بدەینە پرەنسیپی کۆن و نەریتیی "خۆت بناسە"-مانا گۆڕاوەکەی، مانا مێژووییەکەی و مانا سەردەمییە گشتییەکەی».

[٥]. مەبەست لە وتاری ٢٠ی ئۆکتۆبەری ١٩٨٠یە لە زانکۆی کالیفۆرنیا.

تەکنیکەکانی خود. بە باوەڕی من، گرنگترینی ئەم تەکنیکانەی خود لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا، ئەو تەکنیکانەن کە سەروکاریان لەگەڵ شیکارکردنی ڕاڤەکارانەی سوژەدا هەیە، بە دەربڕینێک، دەست بۆ هێرمنۆتیکی خود دەبەن. چۆن هێرمنۆتیکی خود شکڵ دەگرێت؟ ئەم [پرسیارە] تێگەی ئەم دوو وتارەیە. دوێنێ شەو دەربارەی تەکنیکە یۆنانی و ڕۆمییەکانی خود، یا بە لایەنی کەمەوە دەربارەی دوو تەکنیک لەنێوان ئەم تەکنیکانەدا، [واتە] خود-هەڵکۆڵین و دانپێدانان، قسەم کرد. لە ڕاستیدا لە فەلسەفە هیلینیستی و ڕۆمییە دواییەکاندا زۆربەی کات بەرەوڕوی تەکنیکی دانپێدانان و خود-هەڵکۆڵین دەبینەوە. ئایا ئەم تەکنیکانە ئارکیتایپەکان[6]ی تەکنیکە مەسیحییەکانی دانپێدانان و خود-هەڵکۆڵینن؟ ئایا ئەم تەکنیکانە یەکەمین فۆرمەکانی «هێرمنۆتیکی مۆدێرنی خود»ن؟ هەوڵم داوە نیشانی بدەم کە ئەم تەکنیکانە تەواو جیاوازن. بە باوەڕی من، ئامانجی ئەم تەکنیکانە ڕەمزشکێنیی هەقیقەتێکی شاراوە نییە لە قووڵایی تاکدا. ئامانجی ئەم تەکنیکانە شتێکی ترە. ئامانجی تەکنیکەکان بریتییە لە پێدانی هێزی

6 .archetypes

هەقیقەت بە تاک؛ ئامانجیان پێکهێنانی «خود»ـــــــە وەک یەکەیەکی ئایدیاڵی ویســـــت و هەقیقەت[٧]. زۆر باشـــە، با ئێســـتا بگەڕێینەوە بۆ مەســـیحییەت وەک لانکەی هێرمنۆتیکی ڕۆژئاوایی خود]].

وەک چۆن هەموو کەســـێک دەزانێت، مەســـیحییەت یەک دانپێدانانە. واتە مەسیحییەت پەیوەستە بە یەک جۆری تـایبـەتی ئـایینـەوە، ئـایینگـەلێک کـە ئـەرکی هەقیقەت[٨] دەســـەپێنن بەســـەر باوەڕدارەکانیاندا[٩]. ئەم ئەرکانە لە مەســـــیحییەتدا بێ هەژمارن: بۆ نموونە، هەر مەســـیحییەک ئەرکدارە کە کۆمەڵێک گوزارە کە یەک دۆگما پێک دەهێنن وەک هـەقیقـەت وەربگرێت؛ یا ئەرکدارە کە هەندێک لە کتێبەکان بە ســـەرچاوەی

---

[7]. ideal unity of will and truth

[8]. obligation of truth

[٩]. مەبەستی فوکۆ لە «ئەرکی هەقیقەت [obligation de vérté/obligation of truth]» دوو شتە: «لە لایەکەوە، ئەرکی هەبوونی ئیمان و بە بەڵگەنەویست وەرگرتنی ئەو شتەی کە لە پێڕی ئیمانی ئایینیدایە یا ئەو شتەی کە لە پێڕی مەعریفەتی زانستیدایە؛ و لە لایەکی ترەوە، ئەرکی ناساندنی هەقیقەت بە خودمان و هەروەها گوتنی ئەم هەقیقەتە و ئاشکراکردن و سەلماندنی.» بگەڕێنەوە بۆ: N. Foucault, «Entretien de Michel Foucault avec Jean Francois et John de Wit», dans MFDV, p. 249-250.

هەمیشــەیی هەقیقەت دابنێت، یا بە لایەنی کەمەوە لە لقی کاسۆلیکیی مەسیحییەتدا، بڕیارەکانی هەندێک لە پیاوچاکان دەربارەی هـەقیقـەت پـەســـــەند بکات؛ [[هـەروەهـا، ئـەرکدارە کـە نـەک تـەنها بـاوەڕی بـە هـەنـدێک شـــــت هـەبێت، بـەڵکـە هـەروەهـا دەبێت بـاوەڕکردن بـەم شـــتانـە نیشـــــان بدات؛ هـەموو مەســــیحییەک ئەرکدارە کە ئیمانی خۆی ئاشـــکرا بکات]].

بەڵام مەسیحییەت پێویستی بە فۆرمێکی تری ئەرکی هـەقیقـەت هـەیـە کـە بـە تـەواوەتی جیـاوازە لـەو فۆرمـانــەی کــە من ئـامـاژەم پێ کردن. هــەموو مەســـیحییەک ئەرکدارە کە بزانێت کە کێیە، لە ئەودا چی دەگوزەرێت و چی ڕوو دەدات؛ ئەو دەبێت ئەو هەڵانە بناســـێت کە دەشـــێت ئەنجامیان بدات: ئەو دەبێت ئەو وەسوەسانە بناسێت کە دەشێت بەرۆکی بگرن. و سـەرەڕای ئەمەش، لە مەسـیحییەتدا هەموو کەسـێک ئەرکدارە کە ئەم شـتانە بە ئەوانی تر بڵێت، و دواجار دژی خۆی شەهادەت بدات[١٠].

---

[١٠]. بۆ وەسفێکی هاوشێوەی «ئەرکی هەقیقەت» لە مەسیحییەتدا هاوڕێ لەگەڵ جەمسەری ئیمان و دۆگما و کتێبی موقەدەس لە لایەک، و جەمسەری خود و دانپێدانان لە لایەکی ترەوە- ئەرکی «گەڕان بەدوای هەقیقەتی خود و ڕەمزشکێنیی هەقیقەتی خود وەک

چەند خاڵێک. ئەم دوو کۆمەڵەیەی ئەرکەکان، ئەرکەکانی پەیوەست بە ئیمان، کتێبی موقەدەس و دۆگما و ئەرکەکانی پەیوەست بە خود، ڕۆح و دڵ، گرێدراون بە یەکترەوە. یەک مەسیحی هەمیشە وا گریمانە دەکات کە ئەگەر بیەوێت خۆی بپشکنێت ڕووناکیی ئیمان دەیپارێزێت، و لە بەرانبەردا، دەستگەیشتن بە هەقیقەتی ئیمان بەبێ پاکژکردنەوەی ڕۆح[11] مەحاڵە. وەک قەدیس ئۆگەستین لە فۆرمیولەیەکی لاتینیدا دەڵێت، و من دڵنیام کە ئێوە لەم فۆرمیولەیە تێدەگەن: *qui facit veritatem venit ad lucem*. واتە: *facit veritatem*[12]

---

مەرجی ڕزگاری و ئاشکراکردنی هەقیقەتی خود لای کەسێکی تر»- بگەڕێنەوە بۆ:

MFDV, p. 89-91 et «les techniques de soi», conférances cit., p. 1623-1624.

لە بەرامبەردا، فوکۆ لە وانەوتاری ١٩٧٩-١٩٨٠ لە کۆلێژ دو فڕانس، ئەم دوانەییتییە و «گرژیی نائاسایی» مەسیحییەت دەخاتە ڕوو، و قسە لەسەر دوو «سیستەم»ی جیاوازی «هەقیقەت» دەکات، واتە سیستەمی ئیمان و سیستەمی دانپێدانان. بگەڕێنەوە بۆ: GV, p. 81-82, 99-100.

11. purification of soul؛ تەزکیەی ڕۆح.

12. Saint Augustin, *les confessions*, Livre X, I, I, dans *CEuvres de saint augustin*, paris, études agustinnienes, 1966;

«دروســــــتکردنی هەقیقەت لەناو خوددا» و *venire ad lucem* واتە: «دەستگەیشتن بە ڕووناکی». زۆر باشــــە، ئەم دوو پرۆســـــەیە، واتە دروســــــتکردنی هەقیقەت لەناو خوددا و دەستگەیشتن بە ڕووناکیی خواوەنـد و هتـد، لـە ئـەزموونی مـەسـیحیـدا پـەیوەندییـەکی زۆر نزیکیـان لـەگـەڵ یـەکتردا هـەیـە. بـەڵام، وەک دەزانن، دەتوانین ئـەم دوو پـەیوەندییـە لەگەڵ هـەقیقـەتدا لـە ئاییـنی بودیزم[١٣] و هـەروەهـا لـە

---

«لە ڕاستیدا بەم جۆرەیە کە تۆ هەقیقەتت خۆش دەویست، چون ئەو کەسەی کە هەقیقەت دروست دەکات دەگات بە ڕووناکی [*Ecce enim veritatem dilexisti, quoniam qui facit eam*]» قەدیس ئۆگەستین ئینجیل بە گێڕانەوەی قەدیس یۆحەنا بەم جۆرە تەفسیر دەکات: «بەڵام ئەوەی کە هەقیقەت بەکار دەهێنێت دەگات بە ڕووناکی، چون ڕوونە کە کارەکانی لەپێناو خواوەنددایە.» بگەڕێنەوە بۆ:

*Evangile selon saint Jean*, III, 21, dans *Nouveau Testament*, «Bibliothèque de la pléiade», paris, gallimard, p. 280.

١٣. فوکۆ لە سەردانەکەیدا بۆ یابان لە ساڵی ١٩٧٨ ئەم دەرفەتەی بۆ ڕەخسا کە لەگەڵ پسپۆڕەکاندا دەربارەی پەیوەندیی نێوان عیرفانی بودایی ذەن و تەکنیکە مەسیحییەکانی عیرفان قسە بکات. بگەڕێنەوە بۆ:

D. Defert, «chronologie», dans DE, I, p. 74.

هەر لەم بارەوە فوکۆ دەیسەلمێنێت کە مەعنەوییەتی مەسیحی و تەکنیکەکانی خوازیاری «تاکسازیی زیاتر»ن تا لە ڕێگەی «بە من

بڵێ تۆ کێیت» ئەو شتە هەڵبکۆڵن و بپشکنن کە «لە قووڵاییەکانی ڕۆحی تاکدا» بوونی هەیە، لە کاتێکدا کە ذەن و تەکنیکەکانی مەعنەوییەتی بودایی خوازیاری کەمکردنەوەی گرنگیی تاکن- ئەم تەکنیکانە بە ئاڕاستەی «لە-تاک-خستن» یا «لە-سوژە-خستن» کار دەکەن. بە باوەڕی فوکۆ، تەنانەت ئەگەر نەتوانرێت ذەن و عیرفانی مەسیحی بەراورد بکرێن بە یەکتر، تەکنیکەکانیان شیاوی بەراوردکردنە بە یەکتر. بگەڕێنەوە بۆ:

M. Foucault, «la scène de la philosophie» (entretien avec M. Watanabe) et «Michel Foucault et le zen: un séjour dans un temple zen» (propos recueillis par C. polac), dans DE, II, n 243 et 236, p. 592-593 et 621.

فوکۆ دواتر چەندین جار ئەم بەراوردکردنە، هەرچەندە بەپەلە، دووبارە دەکاتەوە و هەندێکجار ئەم بەراوردکردنە بەپێی پەیوەندیی سوژە و هەقیقەت دووپات دەکاتەوە. بگەڕێنەوە بۆ:

GV, p. 183 et «sexualité et solitude», conférance cit., p. 991.

فوکۆ لە هەمان وتاردا دەڵێت: «یەک مەسیحی ئەگەر دەیەوێت تێبگات کە کێیە پێویستی بە ڕووناکیی ئیمانە. و بەپێچەوانەوە، ناتوانرێت وا وێنا بکرێت کە ئەو دەستی دەگات بە هەقیقەت بەبێ ئەوەی کە ڕۆحی پاک بووبێتەوە. یەک بوداییش دەبێت بەرەو ڕووناکی هەنگاو بنێت و هەقیقەت دەربارەی خودی خۆی ئاشکرا بکات. بەڵام پەیوەندیی ئەم دوو ئەرکە لە ئایینی بودا و مەسیحییەتدا بە تەواوەتی جیاوازە. لە ئایینی بودادا ئەم جۆرە ڕووناکبوونەوەیە [تنویر] بوونی هەیە کە تاک ڕێنمایی دەکات بۆ دۆزینەوەی چییەتیی خۆی و دۆزینەوەی ئەوەی کە هەقیقەتە. تاک، بە یارمەتیی ئەم

تەواوی بزووتنەوە عیرفانییەکان[14]ـــــــی ســــەدە یەکەمینەکان[ـــــی مەســـیحییەتدا] کە گرێدراون بە یەکترەوە، بدۆزینەوە. بەڵام، چ لە ئایینی بودیزم یا لە بزووتنەوەی عیرفانیدا، ئەم دوو پەیوەندییە لەگەڵ هـەقیقـەتدا بـە شـــێوەیـەکی تـا ڕادەیـەک وەکیـەک گرێـدراون بــە یــەکترەوە. پــەیڕەوانی مــەزهــەبی عیرفــانی[15] دۆزینــەوەی هــەقیقــەت لــە خوددا، ڕەمزشـــــکێنیی فیترەتی ڕاســــتەقینە[16] و ئاخێزگەی ڕەسـەنی ڕۆح، لەگەڵ دەسـتگەیشـتن بە ڕووناکی، بە

---

ڕووناکبوونەوە هاوکاتەی خود و هەقیقەت، تێدەگات کە خود تەنها یەک تەوەهومە.»

[14]. Gnostic movement

[15]. gnosticist

[16]. real nature

یەک شت دەزانن[١٧]. [[ئەگەر خودی مەعریفەتمەند[١٨]ی فەیلەسوفە یۆنانییەکان کە دوێنێ شەو قسەم لەسەر

[١٧]. فوکۆ لە دواهەمین وانەوتاری ١٩٧٩-١٩٨٠ لە کۆلێژ دو فرانس، قسە لەسەر زەرووڕەتی دەستهەڵگرتن لە گریمانەی کەماڵێتی [perfection] بۆ مەسیحییەت دەکات کە دەیویست وەک ئایینی ڕزگاری سەقامگیر ببێت، گریمانەیەک کە خەسڵەتی بزووتنەوە عیرفانی و گنۆستییەکان بوو؛ لە بزووتنەوە عیرفانییەکاندا، ئەم گریمانەیە برەودار بوو کە ڕۆح پرشنگ و گەردیلەیەکی خودایەتییە، و ڕزگاری بە دۆزینەوە و کەشفکردنی ئەم توخمە خودایییە لە خوددا، بە دەست دێت. کەواتە، «ناسینی خواوەند و ناسینی خود بۆ پەیڕەوکاری مەزهەبی عیرفانی یا گنۆسی یەک شتە»: ناسینی خود و زیکری پرسی خودایی وەکیەکە. بگەڕێنەوە بۆ: GV, p. 303-304. هەروەها فوکۆ لە یەکەمین وانەی وانەوتاری ***هێرمنۆتیکی سوژە***دا، مەزهەبی گنۆسی یا عیرفانی لە دیدگای مێژووی پەیوەندییەکانی سوبێکتیڤیتە و هەقیقەت توێژینەوە دەکات و لەم وانەیەدا، مەزهەبی گنۆسی بە وردیی وەک جۆرێک هەڵاواردە لە دوو ڕێگەی بنچینەیی و لە ڕووی مێژووییەوە زاڵ، واتە ڕێگەی تێگەیشتنی پەیوەندیی سوبێکتیڤیتە و هەقیقەت، پێناسە دەکات: ڕێگەی مۆدێرنی «فەلسەفە» و ڕێگەی کۆنی «مەعنەوییەت». پاشان لە وانەی ١٧ی فێبرایەری ١٩٨٢، دوو «مۆدێل»ی ناسینی خود لە بەرانبەر یەکتر دادەنێت: مۆدێلی ئەفلاتونی و عیرفانی کە فوکۆ «کارکردی بیرهێنانەوە [تذکار]» بۆ ئەم مۆدێلە دادەنێت (بیرهێنانەوەی بوونی سوژە لە ڕێگەی خودەوە) و مۆدێلی مەسیحی کە زیاتر «کارکردی تەفسیری» هەیە (شوێندۆزیی چییەتی و سەرچاوەی جووڵە ناوەکییەکان کە لە ڕۆحدا دەردەکەوێت). فوکۆ لە کاتژمێری یەکەمی وانەی ١٧ی مارسی ١٩٨٢ ئەو خاڵە

کرد، دەبێت وەک یەکێتیی هێزی هەقیقەت و فۆرمی ویســـت بونیات بنرێت، ئەوا دەتوانین بڵێین کە یەک خودی عاریف[19] بوونی هەیە، خودێکی عاریف کە دەتوانین وەســـفکردنەکەی لە ئینجیل بە گێڕانەوەی قەدیس تۆماس[20] یا لە دەقە مانەوییەکان[21]دا بدۆزینەوە. خودی عاریف دەبێت لە تاکدا بدۆزرێتەوە، بەڵام وەک یەک گەردیلە، وەک یەک پرشنگی فەرامۆشکراوی ڕووناکیی سەرەتایی]].

بەپێچەوانەوە، یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی مەســـیحییەتی ئۆرتۆدۆکس، یەکێک لە جیاوازییە ســـەرەکییەکانی نێوان مەسـیحییەت و ئایینی بودیزم

---

دەسەلمێنێت کە لە کۆتاییی سەدەی سێیەم بەدواوە، مەعنەوییەتی مەسیحی لە ناخی دامەزراوە ڕەهبانییەکاندا، بە ڕەتکردنەوەی دوو پرەنسیپی بنچینەیی مەزهەبی عیرفانی، لەم مەزهەبە ڕزگاری بوو: پرەنسیپی ناسینی خود و پرەنسیپی ناسینەوەی خود وەک توخمی خودایی. بگەڕێنەوە بۆ: HS, p. 18, 246 et 402-403.
دەربارەی سەرچاوەکانی گەڕانەوەی فوکۆ بۆ مەزهەبی عیرفانی، بگەڕێنەوە بۆ: M. Senerallt dans GV, p. 133, n. 6.

18. Le soi gnomique/gnomic self

19. Le soi gnostique/gnostic self

20. *évagile selon Thomas*, dans *écrits aporyphes chrétiens*, t. I, «bibliothèque de la pléiade», paris, gallimard, 1977, p. 23-53.

21. Manichean texst

یا لەنێوان مەســـــیحییەت و تەریقەتی عیرفانگەرایی، یەکێک لە هۆکارە ســــەرەکییەکانی بەدگومانیی مەســــیحییەت لە عاریفەکان[٢٢]، و یەکێک لە چەسپاوترین خەسڵەتەکانی مێژووی مەسیحییەت ئەمەیە کە ئەم دوو ســـیســـتەمەی ئەرک، [واتە سیستەمی] ئەرکی هەقیقەت- یەکێکیان پەیوەست بە دەستگەیشتن بە ڕووناکی و ئەوی تریان پەیوەست بە دروستکردنی هەقیقەت و دۆزینەوەی هەقیقەت لە

[٢٢]. فوکۆ لە وانەی یەکەمی مارسی ١٩٧٨ لە وانەوتاری ***ئاسایش، قەڵەمڕەو، جەماوەر***دا، عیرفان بە هەمان شێوە پێناسە دەکات، واتە وەک یەک فۆرمی دژە-ڕەفتار [conter-conduite] کە لە بنچینەدا هەڵدێت لە دەسەڵاتی شوانی و لە «ئابووریی هەقیقەت»، شتێک کە لەسەر فێرکردنی هەقیقەت وەک دۆگما بۆ هەموو باوەڕداران و لەسەر دەرکێشانی هەقیقەت وەک نهێنییەکی ئاشکراکراو لە قووڵایی ڕۆحی هەر باوەڕدارێکدا، دامەزراوە. بگەڕێنەوە بۆ: STP, p. 215-217. لە دواهەمین وانەی کۆتایی وانەوتاری کۆلێژ دو فڕانسدا، فوکۆ دووبارە قسە لەسەر عیرفان دەکات و ئەم جارە عیرفان وەک «جەمسەری *parrèsiastique*» پێناسە دەکات کە بە پێچەوانەی «جەمسەری *anti-parrèsiastique*»ی نەریتی «زاهیدانە-ڕەهبانی»یەوە بەردەوام بوو، هەرچەندە لە پەراوێزدا- «مرۆڤ بانگهێشت دەکرێت بۆ گوێڕایەڵیکردن لە خواوەند، و لە ترسی ئەم خواوەندە، هەنگاوی گەورەی گومانی *parrèsiastique* دەربارەی خۆی و دەربارەی ئەوانیتر ئاشکرا بکات و بەکار بهێنێت». بگەڕێنەوە بۆ: CV, p. 397-308.

خوددا- هـەمیشـــــە یـەک ســــەربـەخۆیی ڕێژەیی [[بەرانبەر بە یەکتر]] دەپارێزن، تەنانەت پاش لۆتەر و تـەنـانـەت لـە مـەزهـەبی پڕۆتســــتانتیزمـدا. لـە مەســـــیحییەتدا، نهێنییەکانی ڕۆح و ڕازەکانی ئیمان، [[بە دەربڕینێک]]، خود و کتێبی موقەدەس، بەوردی لە ڕێگەی جۆرێکی تایبەتی ڕووناکییەوە ڕۆشـــــن نابنەوە، بەڵکە بە پەنابردن بۆ میتۆدگەلێکی جیاواز و بەکارخستنی تەکنیکە تایبەتەکان ڕۆشن دەبنەوە.

***

زۆر باشـە، با مێژووی درێژخایەنی پەیوەندییە ئاڵۆز و زۆربەی کات کێشـــــمەکێشــــخوازەکانی ئەم دوو ســــیســــتەمی ئەرکەی پێش و پاش بزووتنـەوەی چاکسـازیی ئایینی پشـتگوێ بخەین[٢٣]. ئەمشـــەو پێم خۆشـە زیاتر سـەرنج بخەمە سـەر دووەم سیسـتەم لەم سیسـتەمانەی ئەرک. مەبەسـتم سـەرنجدان لەو ئەرکە سـەپێنراوانەیە کە هەموو مەسـیحییەک دەبێت هەقیقەت دەربارەی خۆی ئاشـــکرا بکات. [[لەجیاتیی

---

[٢٣]. بۆ ڕوونکردنەوەگەلێکی زیاتر دەربارەی ئەم مێژووە و ئەو ڕۆڵە ئاڵۆزەی کە مەزهەبی پڕۆتستانت لەم مێژووەدا بینی، بگەڕێنەوە بۆ: MFDV, P. 165-166.

ئەوەی کە مەسیحییەت بە ئایینی یەک کتێب هەژمار بکەم، کتێبێک کە دەبێت ڕاڤە بکرێت، دەمەوێت مەسیحییەت بە ئایینی خود ڕەچاو بکەم، خودێک کە دەبێت ڕەمزشکێنی بکرێت. بە دەربڕینێکی تر، کتێبی بەتەواوی مانای یۆنانیی ***ئیلیادە و ئۆدیسەی*** هۆمیرۆس پێشوەخت و بەر لە مەسیحییەت بۆ یۆنانییەکان تێگەی ڕاڤە بوو؛ بەڵام خود تێگەی ڕاڤە نەبوو. دوێنێ هەوڵم دا نیشانی بدەم کە بۆچی ئەم کتێبە تێگەی ڕاڤە نەبوو، هەرچەندە فەیلەسوفە یۆنانییەکان دانپێدانان و خود-هەڵکۆڵین(یان) ئەنجام دەدا]]. کاتێک کە قسە لەسەر دانپێدانان و خود-هەڵکۆڵین لە مەسیحییەتدا دەکەین، ئاسایی مەبەستمان لە ڕێسای موقەدەسی تەوبە و دانپێدانانی شەرعییە بە گوناهەکاندا. بەڵام ئەم دووانە کۆمەڵێک داهێنانی تا ڕادەیەک دوایینن لە مەسیحییەتدا[٢٤]. مەسیحییەکانی سەدە

[٢٤]. فوکۆ لە وانەی ١٩ی شوباتی ١٩٧٥ لە وانەوتاری ***نائۆرماڵەکان***، بە تێروتەسەلی مێژووی کردارە دواییەنەکانی دانپێدانانی مەسیحی شرۆڤە دەکات، و لە وانەی ١٥ی مایسی ١٩٨١ لە وانەوتاری لۆوڤەین، دووبارە قسە لەسەر مێژووی ئەم کردارانە دەکاتەوە. بگەڕێنەوە بۆ:
AN, p. 161-179 et MFDV, p. 182-189.

یەکەمینەکان[ـی مەسیحییەت] ئاشنا بوون بە فۆرمە تەواو جیاوازەکانی نیشـــاندانی هەقیقەت دەربارەی خود، و ئێوە ئەم ئەرکانەی ئاشـــکراکردنی هەقیقەت دەربـــارەی خود لـــە دوو دامـــەزراوەی جیـــاوازدا دەدۆزنەوە- لە ڕێوڕەســـمەکانی تەوبەدا و لە ژیانی ڕەهـبـــانـی[25][26]. مـن لـێـرەدا دەمـــەوێـت یـــەکـــەم ڕێوڕەســـــمـەکانی تـەوبـە و ئـەرکـەکانی هـەقیقـەت توێژینەوە بکەم کە پەیوەســـتن بە ڕێوڕەســـمەکانی تەوبەوە و پەیوەندییان لەگەڵ ئەواندا هەیە. ئەڵبەتە ناچمە ناو ئەو گفتوگۆ و توێژینەوانەوە کە دەربارەی گەشـــەی قۆناغ بە قۆناغی ئەم ڕێوڕەســـمانە ئەنجام

---

[25]. monastic life

[26]. فوکۆ لە وانەوتاری ***دەربارەی بەڕێوەبردنی زیندووەکان***، سێ کرداری گەورەی ئاشکراکردنی هەقیقەتی تاکی لە ناخی مەسیحییەتی سەدە یەکەمینەکاندا شیکار دەکات: غەسلی تەعمید، تەوبە لە کڵێسادا یا تەوبەی شەرعی، و ڕێنمایی ویژدان. نیوەی دووەمی وانەی ٦ی شوبات و وانەی ١٣ و ٢٠ی شوباتی ١٩٨٠ بە تایبەت تەرخان کراوە بۆ غەسلی تەعمید (کە بە تایبەت بەرمەبنای دەقەکانی تێرتولیانوس توێژینەوە کراوە). بگەڕێنەوە بۆ: GV, p. 101-158. لەگەڵ ئەمەشدا، فوکۆ دواتر لەو وتار و سیمینار و چاوپێکەوتنانەدا کە دەپەرژێتە سەر ئەم بابەتە، بە کەنارخستنی غەسلی تەعمید، زیاتر لەسەر تەوبە و ڕێنمایی ویژدان چڕ دەبێتەوە، واتە لەسەر *exomologie* و *exagoreusis*.

دران و تا ئێستاش بەردەوامن. تەنها دەمەوێت جەخت لەسەر یەک خاڵی بنچینەیی بکەمەوە: لە سەدە یەکەمینەکانی مەسیحییەتدا، تەوبە یەک کردەی[٢٧] دیاریکەر نەبوو؛ تەوبە، لە سەدە یەکەمینەکانی مەسیحییەتدا، یەک دۆخ[٢٨] بوو، دۆخێک کە چەندین تایبەتمەندی دەنواندەوە[٢٩]. کارکردی ئەم دۆخە بریتی بوو لە ڕێگریکردن لە چوونە دەرەوەی یەکجارەکی یەک مەسیحی لە باوەڕدارانی کڵێسا، مەسیحییەک کە تووشی یەک یا زنجیرەیەک گوناهی گەورە بووە. ئەم مەسیحییە، وەک تەوبەکار[٣٠]، لە

[27]. act

[28]. Statut/status

[٢٩]. فوکۆ زیاتر لە وانەی ١٩ی شوباتی ١٩٧٥ لە وانەوتاری ***نائۆرماڵەکان*** (AN, p. 159-160) دەربارەی تەوبە لە مەسیحییەتی سەدە یەکەمینەکاندا قسە دەکات؛ بە تایبەت وانەی ٥ی مارسی ١٩٨٠ لە وانەوتاری ***دەربارەی بەڕێوەبردنی زیندووەکان*** بە تەواوەتی تەرخان دەکات بۆ تەوبە، و هەروەها دووەمین بەشی وانەی ٢٩ی نیسانی ١٩٨١ لە وانەوتاری لۆوڤەین بۆ ئەم تێگەیە تەرخان دەکات. بگەڕێنەوە بۆ:

GV, p. 189-210 et MFDV, p. 101-110.

[دواجار، فوکۆ کرداری *exomologesis* لە وتاری «تەکنیکەکانی خود» شرۆڤە دەکات؛ بگەڕێنەوە بۆ: م. فوکۆ، ***شانۆی فەلسەفە***، و: سەروان ئەحمەد، ل. ٥٤١-٥٤٦].

[٣٠]. penitent؛ تائب، پەشیمان.

زۆرێک ڕیتواڵ و ڕێوڕەســـمە دەســـتەجەمعییەکان بێبەش کرابوو، بەڵام هێشتا مەسیحی بوو و دەستی لـە مـەســـیحیبوون بـەر نـەدابوو، و بـە هۆی ئـەم دۆخـەوە دەیتوانی بگـەڕێتـەوە بۆ نـاو بـاوەڕداران. کەواتە، ئەم دۆخە کارێکی درێژخایەنە. ئەم دۆخە کاریگەری دەخاتە ســـەر زۆربەی لایەنەکانی ژیانی تەوبەکار- ئەرکی ڕۆژووگرتن، ڕێساکانی جلپۆشین، قەدەغەبوونی پەیوەندییە سێکسییەکان- و تاکێک کە مۆرکی ئـەم دۆخـەی لێ دەدرێت تـەنـانـەت پـاش لێخۆشـبوون و گەڕانەوە بۆ ناو جڤاکی مەسـیحی، هێشـــتا کۆت کرابوو بە ژمارەیەک قەدەغەبوونەوە (بۆ نموونە، نەیدەتوانی ببێتە کەشیش). بەم شێوەیە، تەوبە یەک کردەی پەیوەست بە گوناە نییە؛ [[بەڵکە]] تەوبە یەک دۆخە، دۆخێکی گشتی لە ژیاندا[٣١].

بـەڵام، لـەنێوان توخمـەکـانی ئـەم دۆخـەدا، ئـەرکی ئاشـکراکردنی هەقیقەت، [[یا بەو جۆرەی کە قەدیس ئۆگەسـتین دەڵێت *facere veritatem* (دروسـتکردنی هـەقیقـەت لـەنـاو خوددا)]] توخمێکی بنچینـەییـە. مەبەســـتم ئەمە نییە کە ڕاگەیاندنی گوناهـەمان

---

[٣١]. لە ئینگلیزییەکەدا نووسراوە دۆخێکی گشتی لە بوون [existence]دا.

بنچینەییە؛ من زاراوەیەکی زیاتر نادروستر و ناڕوونتر بەکار دەهێنم: ئاشکراکردنی هەقیقەت[٣٢]. و دەڵێم ئاشکراکردنی هەقیقەت پەیوەندییەکی زەرووری و قووڵی لەگەڵ تەوبەدا هەیە. لە ڕاستیدا، دامەزرێنەرانی یۆنانی[٣٣] بۆ ناولێنانی گەمەکانی هەقیقەت و ئەرکەکانی هەقیقەتی پەیوەست بە تەوبەکاران، وشەیەکی زۆر تایبەت (و هەروەها زۆر مەتەڵاوی)یان بەکار دەهێنا: [[*exomologesis*دانپێدانان لە گۆڕەپانی گشتیدا]].[٣٤] ئەم وشەیە ئەوەندە تایبەت و وردە کە تەنانەت نووسەرە لاتین زمانەکان و

32. Manifestation of the truth

33. Greek fathers

٣٤. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر دەربارەی چەمکی *exomologesis*، بڕوانە:

GV, p. 150-151, 197-198 et MFDV, p. 103

«*omologein* واتە گوتنی هەمان شت؛ واتە چاودێربوون، دەربڕینی هاوڕایی، ڕێککەوتن و هاودەنگبوون لەگەڵ کەسێک لەسەر شتێک. *exomologein* واتە فرمانێک کە ئاماژە بەم کارانە دەکات- *exomologesis* ناوی ئەم فرمانەیە- نەک هاودەنگبوون، بەڵکە ئاشکراکردنی هاودەنگی. و *exomologesis* ئاشکراکردنی هاودەنگی و دانپێدانانە، ئەمەی کە هاودەنگ بیت لەگەڵ شتێکدا، واتە لەگەڵ گوناهەکانت و گوناهکاربووونتدا. بەگشتی، ئەم *exomologesis*ـەیە کە لە تەوبەکار داوا دەکرێت.» بگەڕێنەوە بۆ: .GV, p. 197

دامەزرێنەرانی ڕۆمی زۆربەی کات بەبێ وەرگێڕانی بەکاریان دەهێنا.
ئەم زاراوەیە *exomologesis* چ مانایەک دەدات؟ ئەم وشـــەیە، لە مانایەکی زۆر گشـــتیدا، ئاماژە بە ناســـینەوەی یەک کردە دەکات، [[ئاماژەیە بە ناســـینەوەی یەک ڕووداو، ڕێککەوتن لەســـەر هەقیقەتی ڕووداوێک کە ڕووی داوە. دەتوانین بە کورتی ڕێوڕەسمی تەوبە بەم جۆرە وەسف بکەین: کاتێک کە یەک گوناهکار دەیەوێت تەوبە بکات، هۆکارەکانی بۆ تەوبەکردن پێشـکەش بە ئۆسـقۆف دەکات؛ بە دەربڕینێکی تر، تەوبەکار ئەو گوناهانە شـرۆڤە دەکات کە ئەنجامی داون[٣٥]. هەرچۆنێک بێت، ئەم شرۆڤەیە دەبوو زۆر بە کورتی پێشکەش بکرێت و بەشـــێک نەبوو لە خودی تەوبە؛ ئەم شـــرۆڤەیە لەپێشتر بوو لە تەوبە، بەڵام بەشێک نەبوو لە تەوبە.

---

[٣٥]. مەبەست لە *exposition casus* یا بە دەربڕینێکی وردتر، مەبەست لە *exposition causae*ـە کە فوکۆ لە وانەی ٥ی مارسی ١٩٨٠ لە وانەوتاری ***دەربارەی بەڕێوەبردنی زیندووەکان*** و لە وانەی ٢٩ی نیسانی ١٩٨١ لە وانەوتاری لۆوڤەین، بە گێڕانەوەی وتەیەکی قەدیس کوپریانوس، قسەی لەبارەوە دەکات. بگەڕێنەوە بۆ:
GV, p. 199-200 et MFDV, p. 104.

بەڵام زۆر بەوردی، لە ڕێوڕەسمی تەوبەدا، *exomologesis* چی بوو؟]] لە کۆتاییی ڕێوشوێنی تەوبەدا، لە کۆتایی و نەک لە دەستپێکدا، کاتێک کە ساتی پاکژبوونەوە و گەڕانەوە بۆ ناو جڤاکی کڵێسا دەگات، بەشێک بوونی هەیە کە دەقەکان بە شێوەیەکی ڕێسایی ناوی دەنێن *exomologesis*. هەندێک وەسفکردن زۆر کۆنن و هەندێک زۆر دوایین، بەڵام تا ڕادەیەک وەکیەکن. بۆ نموونە، تێرتولیانوس لە کۆتاییی سەدەی دووەمدا، ڕێوڕەسم بەم شێوەیە وەسف دەکات: «تەوبەکار بە کراسێکی داپۆشراو بە خۆڵەمێش، هەژارانە پۆشاکی پۆشیوە؛ دەستەکانی دەگرن و بەرەو کڵێسا ڕێنمایی دەکەن؛ ئەو لە بەرانبەر بێوەژنان و کەشیشەکاندا کڕنووش دەبات. چنگ لە داوێنی جلەکانیان گیر دەگات و ئەژنۆکانیان ماچ دەکات.»[٣٦] و ماوەیەکی زۆر دوای

---

[36]. Tertullien, *De la pudicité*, XIII, 7, dans *CEuvres de Tertullien*, t. III, paris, Louis Vivès, 1852, p. 274;
«... بە گرتنی دەستی گوناهکار کە کراسێکی داپۆشراو بە خۆڵەمێشی لەبەردایە و بە ڕاگەیاندنی ماتەمینی و نائومێدیی ئەو، تۆ ئەو ناچار دەکەیت لە گۆڕەپانی گشتیدا لە بەرانبەر بێوەژن و کەشیشەکاندا کڕنووش ببات، و داوای یارمەتی لە براکانمان بکات، پێی هەر یەکێک لە براکانمان ماچ بکات و خاکەڕایانە لەسەر پێیەکانیان بگەوزێت.»

ئەمە، لە سەرەتای سەدەی پێنجەمدا، قەدیس جیرۆم هیرۆنیمۆس بە هەمان شێوە تەوبەی فابیۆلا وەسف دەکات. فابیۆلا ژنێکی بەناوبانگ و ئەرستۆکراتزادەیەکی ڕۆمانی بوو کە بەر لە مەرگی مێردی یەکەمی دووبارە هاوسەرگیری کردبووەوە، و ئەمە کارێکی ئێجگار خراپ و دزێو بوو؛ کەواتە، فابیۆلا دەبوو تەوبە بکات. قەدیس هیرۆنیمۆس ئەم تەوبەیە بەم جۆرە وەسف دەکات: «لە ماوەی ڕۆژەکانی بەر لە جەژنی پاکدا» کە ساتی لێخۆشبوونە، «ئەو [فابیۆلا] لە ڕیزی تەوبەکارەکاندا خۆی دەبینێتەوە، ئۆسقۆف، کەشیش و خەڵکی لەگەڵ ئەودا دەگرین، مووی سەری ئاڵۆسکاون، ڕوومەتی ڕەنگپەڕیو، دەستی پیس، سەری بە خۆڵەمێش داپۆشراوە و خاکەڕایانە چەماوەتەوە، چنگ گیر دەکات لە ڕوومەت و سینەی ڕووتی کە بە هۆیانەوە مێردی دووەمی[٣٧] فریو دابوو. ئەو برینەکانی نیشانی هەمووان دەدات، و ڕۆم برینەکانی جەستەی لاوازی بە گریانەوە تەماشا دەکات.»[٣٨]

[٣٧]. لە دەقە فەڕەنسییەکەدا «مێردی یەکەمی» هاتووە.

[38]. Saint Jérôm, *Letrre LXXVII*, «*A Océanusn, sur la mort de Fabiola*», 4-5, dans *Correspondance*, t. IV, paris, Les Belles Lettres, 202, p. 43-45:

لەوانەیە قەدیس هێرۆنیمۆس و تێرتولیانوس تا ئاستێک لەژێر کاریگەریی ئەم ڕووداوەدا بن. لەگەڵ ئەمەشدا، لای قەدیس ئەمبرۆس و ئەوانی تر ئاماژەگەلێک دەدۆزینەوە کە بەڕوونی بوونی یەک بڕگەی پەردەهەڵماڵینی نمایشیی خود لە ساتی لێخۆشبوونی تەوبەکاردا نیشان دەدات. ئەمە بە تایبەتی و بەوردی *exomologesis*ـە.

بەڵام زاراوەی *exomologesis* تەنها دەربارەی ئەم دواهەمین بڕگەیە بەکار نەدەهێنرا. وشەی *exomologesis* بە شێوەیەکی دووپاتەکراو بە هەموو ئەو شتە دەوترا کە تەوبەکار ئەنجامی دەدا بۆ ئەوەی لە ماوەی ئەو کاتەدا کە دۆخی تەوبەی

---

«لەژێر نیگای سەرتاسەری شاری ڕۆمدا بە درێژایی ڕۆژەکانی بەر لە جەژنی پاک و لە کڵێسای نایابدا [la basilique] کە پێشتر لاترانوس پاسەوانی دەکرد، ئەوێک کە شمشێری یەک قەیسەر سەری لە جەستەی جیا کردەوە، فابیۆلا لە ڕیزی تەوبەکاراندا جێ دەگرێت، ئۆسقۆف و کەشیشان و تەواوی خەڵکی لەگەڵ ئەودا دەگرین، بە قژی ئاڵۆسکاو و ڕوومەتی ڕەنگپەڕیو و دەستی پیس و سەری داپۆشراو بە خۆڵەمێش و خاکەڕاییانە چەماوە. [...] فابیۆلا تەواوی برینەکانی نیشانی هەمووان دەدات، و ڕۆم برینەکانی جەستەی لاوازی بە گریانەوە تەماشا دەکات: سنگی ڕووت و سەری ڕووت و دەمی داخراو بوو [...] ئەو چنگ گیر دەکات لە ڕوومەتی، ڕوومەتێک کە بە هۆیەوە مێردی دووەمی فریو دابوو.»

دەپاراست لێخۆشبوون بە دەست بهێنێت. [[وشـەی *exomologesis* بـە هـەموو ئـەو کـارانـە دەوترا کـە تەوبەکار پێویســـت بوو ئەنجامیان بدات تاوەکوو لە ماوەی ئـەو کاتـەدا کە تێیدا دۆخی تـەوبـەکاربوونی دەپاراســـــت بگات بە پاکژبوونەوەی خۆی]]. ئەو کردانەی کە بە هۆیانەوە تەوبەکار خۆی پێ ســـزا دەدات ناتوانرێت جیا بکرێنەوە لەو کردانەی کە بە هۆیانەوە خۆی ئاشکرا دەکات و پەردە لەسەر خۆی هەڵدەماڵێت. ســـزادانی خود و دەربڕینی ئازادانەی خود بە تەواوەتی پەیوەستن بە یەکترەوە.

بۆ نموونـە، قـەدیس کوپریـانوس، لـە نـاوەڕاســـتی ســـەدەی ســـێیەمدا، دەنووســـێت کەســـانێک کە دەیـانـەوێـت تـەوبـە بکـەن، من لێرەدا تـەنهـا وتـە دەگوازمەوە، پێویســتە «ئەو ئازارە نیشــان بدەن کە هەســتی پێ دەکەن، شــەرمەزارییان نیشــان بدەن، بێبەهایی خۆیان ئاشـــکرا بکەن، و خاکەڕایی یا

بەخۆداشکاویان نمایش بکەن»[٣٩]. و قەدیس پاسیان[٤٠] لە کتێبی ***تەوبەنامە***دا دەڵێت تەوبەی ڕاستەقینە بە ڕێگەیەکی ڕواڵەتی ئەنجام نادرێت، بەڵکە ئامرازەکانی بریتین لە کراسی دەڵب و کورت، خۆڵەمێش، ڕۆژووگرتن، ڕەنج، عەزاب، و بەشداریکردنی ژمارەیەکی زۆری خەڵک لە پاڕانەوەدا[٤١]. بە کورتی، تەوبە لە مەسیحییەتی سەدە

---

[39]. Cyprien de Cartage, *Lettre XXXVI*, III, 3, dans *Correspondance*, t. I, paris, Les Belles Lettres, p. 91:

«کەواتە، کاتی تەوبەکردنیانە لە گوناهـ کاتی پەشیمانی لە گومڕایی، کاتی نیشاندانی شەرم و ئابڕوو، کاتی دەربڕینی ملکەچی و خاکەڕایی، کاتی داواکردنی لێخۆشبوون و بەخشینی خودایی بە گوێڕایەڵی و فەرمانبردن، کاتی داهاتنی ڕەحمەتی خودایی بەسەر تەوبەکاراندا...»

[40]. Pacian

[41]. Pacien de Barcelone, Paraenesis sive Exhortatoirius libellus ad paenitentiam,

وەرگێڕانە فەڕەنسییەکەی لەژێر ناونیشانی:

«Exhortation à pénitence», 12, dans *le pécheur et la pénitence dans l'église ancienne, ancienne*, textes choisis, paris, Edition du Cerf, 1966, p. 100:

«شەرم نەکەن لە ئەنجامدانی کرداری تەوبەکارانە، دوا مەکەون لە پەنابردنی خێراتر بۆ دەرمان و چارەسەرە گونجاوەکان بۆ نەخۆشی و خراپە، لە ڕۆبردنی دڵتان لە ڕەنج و عەزابدا، لە

یەکەمینەکاندا یەک شـێوازی ژیان بوو کە لە ڕێگەی ئەرکی نیشـاندانی «خود»ـــــەوە لە هەموو سـاتێکدا جێبەجێ دەکرا؛ و ئەمە بەوردی *exomologesis*ـە. وەک دەبینن، *exomologesis* پـەیڕەوی لــە یــەک پرەنســــیپی دادوەریی پەیوەندیی دوولایەنە ناکات، پرەنســــیپی دادوەریی پەیوەندیی ورد کە ســــزادان هـاودەق دەکـات بـە تـاوان. بـەڵکـە *exomologesis* پەیڕەوی لە یاســـای جەختی نمایشـــی و یاســـای زۆرترین نمایشــکاری دەکات. و هەروەها، پەیڕەوی لە یەک پرەنســیپی هەقیقەت ناکات، پرەنســیپێک کە لـەســــەر هـاودەقیی نێوان ڕاگـەیـانـدنی زارەکی و واقـیـعـیـیـەت دامــەزراوە. وەک دەبـیـنـن، لــە *exomologesis*دا وەسـفکردنی تەوبە بوونی نییە؛ نە دانپێدانـان، نـە ڕاگـەیاندنی زارەکیی گوناهـەکـان، نـە شـــیکاری گوناهەکان، بەڵکە دەربڕینە جەســـتەیی و

---

داپۆشینی جەستەتان بە گونی لەجیاتیی پۆشاک، لە پژاندنی خۆڵەمێش بەسەر سەرتاندا، لە ڕیازەتکێشان بە ڕۆژووگرتن- و دواجار- لە داواکردنی شەفاعەت لە تەواوی باوەڕداران، شەرم مەکەن.»

ڕەمزییەکان[42] بوونی هەیە[43]. فابیۆلا بە گوتنی ئەو شـــتەی کە ئەنجامی داوە دان بە هەڵەکانیدا نانێت،

[42]. somatic and symbolic expressions

[43]. فوکۆ بە شیکارکردنی *exomologesis* هەمیشە جەخت لەسەر ڕەهەندی نمایشی، بینران لە گۆڕەپانی گشتی و لایەنە تەماشاییەکەی ئەم چەمکە دەکاتەوە و ئەمە بۆ نیشاندانی جیاوازیی ئەم چەمکەیە لەگەڵ چەمکی *exagoreusis* (بەزمانهێنانی گشتگیری گوناهەکان). *exomologesis* ڕەفتارێکی کەلامی یا گوتەیی نییە، بەڵکە نمایشکردنی ژیان و جەستە و جووڵەکانی تەوبەکارە، و لەم نمایشەدا زمان ڕۆڵێکی لاوەکی دەبینێت: «*exomologesis* لە ڕیزی توخمە دەربڕەکانە [expressive]، نەک زمانێک یا ئەگەریش گوناهکارانی تەوبەکار سوود لە زمان وەردەگرن، ئەگەر دوعا دەکەن، ئەگەر عەزاب دەکێشن بە هیچ شێوەیەک بۆ گوتنی گوناهی ئەنجامدراو نییە، بەڵکە ڕاگەیاندنی ئەمەیە کە گوناهکارن. [...] لەم *exomologesis*ـەدا ئەوە خۆڵەمێش و کراس و ڕیازەتکێشان و فرمێسکەکانن کە قسە دەکەن، و گوتە تێیدا تەنها کارکردی دەربڕی هەیە». بگەڕێنەوە بۆ: GV, p. 207. ئەم جەختکردنە تەنها فۆرمەکی و نەک بە دڵنیاییەوە ناوەڕۆکی لەسەر ڕەهەندی نمایشی و ڕەهەندی دەربڕینگەرایی ناگوتەیی *exomologesis*، بەپێی توێژینەوەی فوکۆ هاوشێوەییەکی لەگەڵ ڕەوتی سەگڕەفتاری [کەلبی]ی سەردەمی کۆندا هەیە، و تایبەتمەندیی ئەم جەختکردنە بەوردی لەوەدایە کە [*parrêsia*گوتنی هەقیقەت دەربارەی خود] بۆ ڕەوتی سەگڕەفتاری تەنها یا تەنانەت بەر لە هەر شتێک کردارێکی گوتەیی نییە، بەڵکە یەک فۆرمی بوونە کە «لە جووڵەکان، جەستەکان، شێوەی پۆشاک

بەڵکە ئەو لەش و جەســـتەیەی کە تووشـــی گوناهـ هـاتووە لـە بەرانبەر چـاوی هـەمووانـدا دادەنێت. و *exomologesis*، بــە چــەشـــنێکی دژبــەیــەک و پارادۆکسیکاڵ، ئەو ساتەیە کە گوناهـ پاک دەبێتەوە، ســـاتێک کە پاکێتیی پێشـــوو کە لـە غـەســـلی تەعمید[44]ـــــەوە هاتووە، دووبارە چاک دەکرێتەوە و دەگەڕێنرێتەوە، و ئەمەش بە نیشـــاندانی گوناهکار جێبـەجێ دەبێـت، گونـاهکـار بـەو جۆرەی کـە لـە واقیعییەتدا هەیە- چەپەڵ، ناپاک، ئابڕووبەر.

تێرتولیانوس وشـەیەک بۆ وەرگێڕانی وشـەی یۆنانیی *exomologesis* بـەکـار دەهێنێـت؛ ئـەو دەڵێـت ئـەم وشـــەیە بریتییە لە *publication sui*، واتە هـەموو مـەســـیحییـەک دەبێت خۆی لـە بەرانبەر گۆڕەپانی گشـــتی دابنێـت یـا خۆی بخـاتـە بـەردەم نیگـای هەمووان[45]. خۆدانان لە بەرانبەر نیگای هەمووان بەم

پۆشین، شێوازی ژیان و ژیانکردندا، هەقیقەت دەکاتە شتێکی بینراو». بگەڕێنەوە بۆ: GV, p. 159.

44. baptism

45. Tertullien, La pénitence , X, dans *CEuvres de Tertullien*, t. II, op. cit ., p. 212:

«لەگەڵ ئەمەشدا، زۆرینە ناچنە ژێر باری تەوبەوە، وەک چۆن ناچنە ژێر باری ئەو ڕاگەیاندنەوە کە ئەوان لە گۆڕەپانی گشتیدا نیشان

مانایەیە کە تاکی مەســـیحی دەبێت دوو کار ئەنجام بدات. یەکەم، دەبێت خۆی وەک گوناهکار نیشـــان بدات؛ واتە، وەک کەســێک کە، بە هەڵبژاردنی ڕێگای گوناهـ ناپاکی لە پاکی، زەمین و خاک لە ئاسمان، و هـەژاریی مـەعنـەوی[٤٦] لـە گـەنجینـەکانی ئیمـانی بـە چاکتر زانیوە. بە یەک وتە، ئەو دەبێت خۆی وەک کەسێک نیشان بدات کە مەرگی مەعنەوی پێ باشتر بووە لە ژیانی ئەبەدیی. و هـەر لـەبـەر ئـەمـەیە کە *exomologesis* یـەک جۆری نوانـدنـەوەی مـەرگ[٤٧] بوو؛ *exomologesis* نواندنەوەی نمایشیی گوناهکار بوو وەک کەسێکی مردوو یا کەسێک کە گیانکەنشت دەکـات. بـەڵام هـەروەهـا *exomologesis* ڕێگـەیـەک بوو بۆ ئـەوەی کـە گونـاهکـار ویســـتـەکـەی بۆ ئازادبوونی خۆی لەم جیهانە دەرببڕێت، ویســتەکەی بۆ ڕزگاربوون لە جەســتەی، بۆ وێرانکردنی لەشــی، و گـەیشـــتن بـە یـەک ژیـانی نوێی مـەعنـەوی. *exomologesis* نواندنەوەی نمایشـــیی گوناهکارە وەک کەســـێک کە خوازیاری مەرگی خۆیەتی وەک

---

دەدات [ut publicationem sui] یا هەموو ڕۆژێک دەیخەنە ڕۆژی دواتر و دوای دەخەن...»

46. Spiritual poverty :هەژاریی ڕۆحی

47. representation of death

گوناهکار، و نواندنەوەی نمایشیی چاوپۆشیکردن لە خود. [[بە دەربڕینێک، *exomologesis* نواندنەوەی نمایشیی ویستی گوناهکارە بۆ مەرگی خۆی وەک گوناهکار؛ و ئاشکراکردنی نمایشیی «چاوپۆشیکردن لە خود»ـە]].

بۆ پاساودانەوەی *exomologesis* و چاوپۆشیکردن لە خود لە ڕێگەی ئاشکراکردنی هەقیقەت دەربارەی خود، باوکانی مەسیحی سوودیان لە چەند مۆدێلێک وەردەگرت. مۆدێلی تەواو ناساراوی پزیشکی زۆربەی کات لە فەلسەفەی بتپەرستیدا بەکار دەهێنرا؛ ئەگەر دەتەوێت دەرمان بکرێیت، دەبێت برینەکانت نیشانی پزیشکەکان بدەیت. باوکانی مەسیحی هەروەها سوودیان لە مۆدێلی دادوەری وەردەگرت: تاکی مەسیحی بە دانپێدانانی خودبزاو بە هەڵەکاندا هەمیشە دادگا ئارام دەکاتەوە. بەڵام گرنگترین مۆدێل بۆ پاساودانەوەی زەرووڕەتی *exomologesis* مۆدێلی شەهید[48] بوو[49]. شەهید

[48]. model of martyrdom

[49]. هەروەها، مۆدێلی شەهید ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە تێرامان لەسەر [*parrêsia*گوتنی هەقیقەت دەربارەی خود] و سەگرەفتاریی سەردەمی کۆن کە فوکۆ لە دواهەمین وانەوتاری لە کۆلێژ دو فرانس شرۆڤە و پەرەی پێ دەدات. فوکۆ، بە تایبەت لە وانەی ٢٩ی شوباتی

کەسێکە کە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مەرگی پێ باشترە لە دەستبەردان لە ئیمانی خۆی. گوناهکار دەست لە ئیمانی بەردەدات تا ژیانی ئەم دنیایی خۆی بپارێزێت؛ گەڕانەوەی گوناهکار بۆ جڤاکی باوەڕداران تەنها کاتێک سەردەگرێت کە ئەو خۆی بخاتە بەردەم شەهادەتەوە، شەهادەتێک کە هەمووان شایەتی لەسەر دەدەن، و ئەمەش تەوبەیە، یا تەوبە وەک *exomologesis*. کەواتە، کارکردی ئەم جۆرە خۆنیشاندانە دیاریکردنی شوناسی کەسی نییە؛ بەڵکە ئەم جۆرە خۆنیشاندانە خزمەت بە شەهادەتدان دەکات لە ڕێگەی خۆنمایشکردنی نمایشیی چییەتیی گوناهکارەوە: ڕەتکردنەوەی خود، و دابڕان لە خود. دەتوانین لێرەدا ئەو شتە بەبیر بهێنینەوە کە ئامانجی تەکنەلۆژیای ڕەواقی بوو: ئامانجی ئەم تەکنەلۆژیایە، بەو جۆرەی کە هەوڵم دا

---

١٩٨٤، دەڵێت کە دەستەواژەی «*marturôn tês alêtheias*» (شاهیدبوون لەسەر هەقیقەت) کە ئۆسقۆف جۆرجیۆ ناتسیانتوس لە بیست و پێنجەمین وەعزی خۆیدا بەکاری دەهێنێت، دەتوانێت ئەو شتە وەسف بکات کە [نەریتی] سەگڕەفتاری بوو لە سەرتاسەری سەردەمی کۆندا و سەرەڕای ئەمەش، ئەمە ئەو شتەیە کە بە درێژاییی مێژووی ڕۆژئاوا ڕوو دەدات. بگەڕێنەوە بۆ: CV, p. 160.

لــه هــەفتــەی ڕابردوو بۆ ئێوەی ڕوون بکــەمــەوە، هاودەقکردنی سوژەی مەعریفە و سوژەی ویستە لە ڕێگەی بیرهێنانەوەی هــەمیشـــــەیی ڕێســــاکانەوە. بــەپێچــەوانــەوە، ئــەو فۆرمیولــەیــەی کــە لــە دڵی exomologesisدا هــەیــە ئــەمــەیــە: ego non sum [egoمن ئیتر من نیم].[50] بــە پێچــەوانــەی تــەکنیکــە ڕەواقییەکان، exomologesis خوازیاری ئەوەیە کە لــە ڕێگــەی یــەک کردەی دابڕانی تونــدوتیژەوە، هەقیقەت دەربارەی خود و چاوپۆشـــیکردن لە خود لــەســــــەر یــەک هــاودەق بکــات. لــە ژێســــتی خۆنمایشکارانەی ڕیازەتدا، پەردەهەڵماڵینی خود[51] لە

50. Saint Ambroise, *La patience*, X, «Sources chrétiennes», paris, édition du cerf, 1971, p. 193.

قەدیس ئەمبرۆسیۆس بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو دابڕانەی کە ئەم گۆڕانە نیشانی دەدات، سەرگوزەشتەی پیاوێکی لاو دەگێڕێتەوە کە لە دیدار لەگەڵ کچێکی لاودا، کچێک کە پێشتر خۆشی دەویست بەڵام ئێستاکە ئیتر خۆشی ناوێت، بڕیار دەدات کە هیچ قسەیەک نەکات. کچی لاو، بە وێناکردنی ئەمەی کە پیاو ئەوی نەناسیوەتەوە، بە پیاو دەڵێت: «منم»، و پیاو وەڵامی دەداتەوە: «بەڵام من ئیتر من نیم [*egonon sum ego*].»

51. self-revelation :خود-هەڵماڵین

*exomologesis*دا، لــە هــەمــان کــاتــدا وێرانکردنی خود[٥٢]ـە[٥٣].

[[ئــەم فۆرمــەی *exomologesis* کــە لــە کۆتــاییی ســـەدەی دووەمدا بوونی پشــتڕاســت کراوەتەوە، تا ماوەیەکی درێژخایەن لە مەســـــیحییەتدا بەردەوام

---

52. self-destruction :خود-وێرانکردن

٥٣. مەبەست لەو شتەیە کە فوکۆ لە کۆتایی وانەی ٥ی مارسی ١٩٨٠ لە کۆلێژ دو فرانس لە وانەوتاری ***دەربارەی بەڕێوەبردنی زیندووەکان*** وەک «لێکدژیی خاکەڕایی مەسیحی» وەسفی دەکات، شتێک کە«هەقیقەتێک دەسەلمێنێت و لە هەمان کاتدا لەناوی دەبات، مەسیحی وەک کەسێکی گوناهکار وەسف دەکات و لە هەمان کاتدا ئەو وەک کەسێک وەسف دەکات کە ئیتر گوناهکار نییە» (چون «هەرچی زیاتر بیسەلمێنم کە گوناهکارم کەمتر گوناهکارم»). بگەڕێنەوە بۆ: GV, p. 209. [هەروەها، بگەڕێنەوە بۆ وتاری «تەکنیکەکانی خود» لە: م. فوکۆ، ***شانۆی فەلسەفە***، ل. ٥٤٤-٥٤٦]. ئەم لێکدژییە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە لە *exomologesis*دا «دەمانەوێت تا دەمی مەرگ بمرین»: مەرگێک کە بە ڕۆژووگرتن و چاوپۆشیکردن لە هەموو شتێک و هتد دەینوێنینەوە، «هەم مەرگێکە کە تووشی بووین هەم مەرگێکە کە نیشانی دەدەین، چون گوناهمان کردووە، و هەروەها مەرگێکە کە لە پەیوەندیی لەگەڵ جیهاندا دەمانەوێت». کەواتە، بە نیشاندانی ئەمەی کە مردووین و لە هەمان کاتدا نیشاندانی ئەمەی کە تا دەمی مەرگ دەمرین، لە لایەکەوە هەقیقەتی خودمان وەک گوناهکار دەردەخەین و لە لایەکی ترەوە، مەرگ لەناو دەبەین، چون دەتوانین دووبارە لەدایک ببینەوە. بگەڕێنەوە بۆ: GV, p. 208.

دەبێت، چون کاریگەرییەکانی لە پلەوپایەی زۆر گرنگی تەوبەکارەکاندا لە سەدەی پانزەیەم و شانزەیەمدا دەدۆزینەوە. دەتوانین ببینین کە لەم فۆرمەدا، ڕێوشوێنەکانی نیشاندانی هەقیقەت فرەچەشن و ئالۆزن. هەندێک لە کردەکانی *exomologesis*بە شێوەیەکی تایبەت ئەنجام دەدرێن، بەڵام زۆرینەیان هەمووان دەکەنە بەردەنگ و بانگهێشت دەکەن. تێرتولیانوس دەربڕینێکی تایبەتی هەیە بۆ ناولێنانی ئەم لایەنەی تەوبە: *publication sui*. تەوبەکار دەبێت قسە بکات، تەوبەکار سوود لە گوتە وەردەگرێت تا خۆی وەک گوناهکار دەرببڕێت، بەڵام بەشی ناگوتەیی لەم ئاشکراکردنەی خوددا گرنگترین بەشە: پۆشاک، جوولە، پاڕانەوە، هەنسک و هتد. لەم *exomologesis* و لەم *publication sui*ـەدا، گوناهکار نەک لە ڕێگەی وەسفێکی ورد و شیکاری گوتەییەوە، بەڵکە لە بنچینەدا لە ڕێگەی دەربڕینێکی جەستەیی و ڕەمزییەوە دەستنیشان دەکرێت. فابیۆلا، بە نمایشکردنی جەستەی خۆی، ئەو لەشە دەخاتە بەردەم چاوی هەموانەوە کە تووشی گوناه هاتووە. لێرەدا شتێکی دژبەیەک بوونی هەیە. *publication sui* لە ڕاستیدا دوو کارکردی هەیە: لە

لایەکەوە، سڕینەوەی گوناهـــــ خەت هێنان بەسـەر گوناهـــــ نەهێشتنی گوناهـــــ و گێڕانەوەی پاکێتیی پێشوو کە بە غەسلی تەعمید بە دەست هاتبوو؛ و لە لایەکی ترەوە، نیشـــاندانی گوناهکار لەو ڕووەوە کە گوناهکارە: چەپەڵ، ناپاک، ئابڕووبەر. ڕۆڵی زۆرینەی کردەکان کە تـەوبە پێک دەهێنن، گوتنی هـەقیقـەت دەربارەی گوناهکار نییە، بەڵکە نیشـــــاندانی بوونی ڕاســــتەقینەی گوناهکارە یا بوونی ڕاســــتەقینەی گوناهکارانەی سوژەیە. دەربڕینی *publication sui*ی تێرتولیانوس ئاماژە نییە بە شێوازێکی گوتنی ئەمەی کە گوناهکار دەبێت گوناهەکانی شـرۆڤە بکات، بەڵکە ئـامـاژەیـە بـەمـەی کـە گونـاهکـار دەبێت خۆی وەک گوناهکار و لە واقیعییەتی گوناهکاربوونیدا نیشـــــان بدات.

و، ئێســـــتا پرســــیار ئـەمـەیە کـە بۆچی کردەی ئـاشـــــکراکردنی خود وەک گونـاهکـار بڕیـارە لـە لەناوبردنی گوناهەکاندا کارتێکەر بێت؟ لە نیگایەکی کورتـدا بۆ ئـەم گرفتـە دەتوانین بڵێین کـە بـاوکـانی مەسیحی سێ مۆدێلیان بەکار دەهێنا. مۆدێلی تەواو ناســــراوی پزیشـــــکی: ئەگەر دەتەوێت چارەســـــەر بکرێیت، دەبێت برینەکانت نیشـــــان بدەیت. مۆدێلێکی تر کە زۆربەی کات بەکار دەهات، مۆدێلی دادگا و

داوەریکردن[٥٤] بوو: هــەمیشـــــە بــە دانپێـدانــانی خۆویســتانە بە گوناهەکاندا ســووکنایی و ئارامی بە دادوەر دەبــەخشـــــیت. ڕۆژی داوەریکردن، خودی شـــەیتان هەڵدەســتێتەوە تا گوناهکار تاوانبار بکات؛ ئەگەر گوناهکار پێشـــوەخت بە تاوانبارکردنی خۆی دەستپێشخەری بۆ شەیتان بکات، ئەوا دوژمن ناچار دەبێت بێدەنگ بمێنێتەوە. بەڵام گرنگترین مۆدێلێک کە بۆ پاساودانەوەی زەروورەتی *exomologesis* و زەروورەتی *publication sui* لــە تــەوبــەدا برەودار بوو، چییەتی و ســرووشــتێکی جیاوازی هەبوو. ئەم مۆدێلە مۆدێلی شـــــەهیدە. نابێت ئەو خاڵە فەرامۆش بکەین کە کردار و تیۆریی تەوبە تا ئاستێکی زۆر بە دەوری گرفتی هــەڵگــەڕاوەکـان[٥٥]دا شـــــکڵی گرت[٥٦]. شـــەهید ئەو کەســـەیە کە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ

---

54. Judgment

55. relapsed:مرتد

٥٦. دەربارەی گرفتی هەڵگەڕاوە (مرتد) یا بە دەربڕینێکی دروستر، گرفتی [*lapsi*لە دین هەڵگەڕاو] واتە «کەسانێک کە کاتی ڕەنج و عەزاب "کەمتەرخەمی"یان نواندووە و بە پەشیمانبوونەوە لە کارەکەیان، ئارەزووی گەڕانەوە بۆ جیهانی مەسیحی دەکەن». بگەڕێنەوە بۆ: M. Senellart لە: GV, p. 187, n. 34 دەگەڕێتەوە بۆ *(MFDV, p. 102, 109* و*Mal fair, vrai* *Sécurité, terrtoire, population 9STP, p. 172-173).*

مەرگ بە باشتر دەزانێت لە دەستبەردان لە ئیمانی. هەڵگەڕاوە دەست لە ئیمانی بەردەدات تا ژیان لە جیهانی خواروودا بپارێزێت؛ و هەڵگەڕاوە تەنها کاتێک دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ جڤاکی باوەڕدارانی کڵێسا کە خۆی خۆویستانە لە بەردەم جۆرێک شەهادەتدا دابنێت و هەمووان شاهیدی ئەو بن، و ئەم جۆرە شەهادەتە تەوبەیە. بە کورتی، تەوبە، تا ئەو شوێنەی کە جۆرێک بەرهەمهێنانەوەی شەهادەتە، یەک بەڵێ گوتنە بە [*metanoia*تەوبەکردن لە گوناه]، بەڵێ گوتن بە گۆڕان، بە دابڕان لە خود، بە تەوبەکردن لە گوناهی ڕابردووی خود، بە دابڕان لە جیهان و لە تەواوی ژیانی پێشوو[٥٧]. کەواتە، وەک

---

٥٧. گریمانەی [*metanoia*تەوبە] کە تەنها لێرەدا دەخرێتە ڕوو، تێگەی زنجیرەیەک شیکاری ئێجگار تێروتەسەلە کە فوکۆ لە وانەوتارەکانی ١٩٧٩-١٩٨٠ و ١٩٨١-١٩٨٢ لە کۆلێژ دو فرانس شرۆڤە و پەرەی پێ دەدات. لە وانەی ١٣ی شوباتی ١٩٨٠ لە وانەوتاری ***دەربارەی بەڕێوەبردنی زیندووەکان***، فوکۆ دەربارەی [*De baptism*دەربارەی غەسلی تەعمید]ی تێرتولیانوس و دەربارەی «دیسپلینی تەوبە»، قسە لەسەر *metanoia* دەکات و ئەم گریمانەیە- کە بەپێی نەریت نیشانەی جووڵەیەکی تاقانەیە کە لە ڕێگەیەوە، ڕۆح ڕوو لە ڕواڵەتەکان و دەرکەوتەکان و ئەم دنیایە وەردەگێڕێت و لە هەمان کاتدا ڕوو لە ڕووناکی و هەقیقەت دەکات- «جیا دەبێتەوە» و دابەش دەبێت بۆ دوو سات، «ساتێک کە خودی

دەبینن، کارکردی ئەم خۆنمایشـــکردنە دیاریکردنی یەک شـوناس نییە، بەڵکە، لە ڕێگەی خۆنمایشـکردنی نمـایشـــیی ئـەوەی کـە هـەین، شـــەهـادەتدانـە بـە ڕەتکردنـەوەی خود و دابڕان لـە خود. *ego non*

---

کردەی تەوبەیە، و پاشان دوای ئەوە ڕووناکبوونەوە (تنویر) کە پاداشتی تەوبەیە». بەو جۆرەی کە فوکۆ لە وانەکانی دواتردا ڕوونی دەکاتەوە، بەم شێوەیە مەسیحییەت توانی ئەم ویستە پەروەردە بکات کە تەواوی ژیان دەبێت ژیانی تەوبە و زوهد بێت، واتە ژیانێک کە خەسڵەتە سەرەکییەکەی بریتییە لە دابڕان لە خود. بە دەربڕینێکی تر، *metanoia* دەگۆڕێت بۆ «ڕەهەندێکی چەسپاوی ژیانی مەسیحی»، دەگۆڕێت بۆ «دۆخێکی دابڕان کە دەست لە ڕابردوو و گوناهەکان و ئەم دنیا هەڵدەگرێت تا ڕوو لە ڕووناکی و هەقیقەت و جیهانەکەی تر بکات». بگەڕێنەوە بۆ:
GV, p. 125-131, 140-142, 174-175, 222.
بۆ وەسفی *exomologesis* وەک «ئامرازی تەوبە»، بگەڕێنەوە بۆ: GV, p. 204-205. لە وانەی ١٠ی شوباتی ١٩٨٢ لە وانەوتاری ***هێرمنۆتیکی سوژە***دا، فوکۆ بە جەختی ڕاشکاو لەسەر پییەر ئادۆ بە ناونیشانی «épistrophè et metanoia» [زیکرگوتن و تەوبە] (١٩٥٣) بەڵام بە گۆڕینی تێزی بنچینەیی وتارەکە، جیاکاریی نێوان سێ فۆرمی «ئیمانهێنان [conversion]» بە تێروتەسەلی نیشان دەدات و پەرە پێ دەدات: زیکرگوتنی ئەفلاتونی، ئیمانهێنانی هیلینیستی و ڕۆمی، و تەوبەی مەسیحی. بگەڕێنەوە بۆ: HS, p. 201-209. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر دەربارەی ئەم تێگانە، هەروەها بگەڕێنەوە بۆ:
M. Senellart, dans GV, p. 136, n. 36 et F. Gros, dans HS, p. 216, n. 11 et p. 218, n. 40.

[*sum ego*من ئیتر من نیم] دەربڕینێکە لە دڵی *exomologesis* و لە دڵی *publication sui*دا، و کارکردی جووڵەی خۆنمایشکارانەی ڕیازەت ئەمەیە کە هەقیقەتی دۆخی گوناهکاربوون و دڵنیایی دابڕان لە یەک کاتدا نیشان بدات. پەردەهەڵماڵینی خود لە هەمان کاتدا وێرانکردنی خودە. ئەو شتە بەبیر دەهێنمەوە کە ئامانجی تەکنەلۆژیای ڕەواقیی خود بوو: ئامانجی ئەم تەکنەلۆژیایە دەقکردنی سوژەی مەعریفە بوو لەسەر سوژەی هەقیقەت لە ڕێگەی بیرهێنانەوەی بەردەوامی ڕێساکانەوە. بەپێچەوانەوە، *exomologesis* یا *publication sui* کە تایبەتمەندیی تەوبەیە، خوازیاری ئەوەیە کە لە ڕێگەی کردەی توندوتیژەوە، هەقیقەت دەربارەی خود و چاوپۆشیکردن لە خود لەسەر یەک دەق بکات.]]

***

زۆر باشە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دانپێدانان لە دامەزراوە ڕەهبانییەکان و پەرستگاکاندا، بە دڵنیاییەوە ئەم دانپێدانانە تەواو جیاوازە لە *exomologesis*. لە دامەزراوە مەسیحییەکانی سەدە یەکەمینەکاندا فۆرمێکی تری دانپێدانان دەدۆزینەوە

کە زۆر جیاوازە لە *exomologesis*. ئەم دانپێدانانە ڕێکخراوە لە جڤاکە ڕەهبانییەکان [[و یەکەم لە ڕۆژهەڵاتدا]] جێبەجێ دەکرا[٥٨]. ئەم دانپێدانانە، بە ڕێگەیەکی تایبەت، نزیکە لە ڕاهێنانی جێبەجێکراو لە قوتابخانە فەلسەفییەکانی بتپەرستیدا. هیچ شتێکی سەرسوڕهێنەر لەم کارەدا بوونی نییە، چون [[فەلسەفەی یۆنانی باڵادەستییەکی مەزنی بەسەر ڕۆژهەڵاتدا هەبوو]]، چون ژیانی ڕەهبانی بە فۆرمی ڕاستەقینەی ژیانی فەلسەفی دادەنرا، و پەرستگا قوتابخانەی فەلسەفە بوو. ژمارەیەک تەکنەلۆژیای خود کە لە کردارەکانی فەلسەفەی بتپەرستییەوە

٥٨. فوکۆ پێشتر لە چوارچێوەی توێژینەوەی دەسەڵاتی شوانکارەییدا، ڕێنمایی مەسیحیی ویژدان لە جەمسەری پێچەوانەی ڕێنمایی لە سەردەمی کۆندا توێژینەوە دەکات. بگەڕێنەوە بۆ: STP, p. 164-186. ئەو لە وانەی دوازدەهەم، نۆزدەهەم و بیستوشەشەمی مارسی ١٩٨٠ لە وانەوتاری ***دەربارەی بەڕێوەبردنی زیندووەکان*** (GV, p. 219)، و وانەی شەشەم و سێزدەهەمی مایسی ١٩٨١ لە وانەوتاری ***خراپکردن، گوتنی هەقیقەت*** (MFDV, p. 123-170) و هەروەها لە وتاری «تەکنیکەکانی خود» [لە ***شانۆی فەلسەفە***، ل. ٥٤٦-٥٥٤]، دووبارە بە تێروتەسەلی دەپەرژێتە سەر ئەم فۆرمانەی دانپێدانان و جیاوازییەکانی لەگەڵ *exomologesis* و ڕێنمایی بتپەرستیی ویژدان.

هاتبوون بە ئاشکرا گواسترانەوە بۆ مەعنەوییەت و ڕۆحانییەتی مەسیحی.
دەربارەی ئەم بەردەوامبوون و پەیوەستەگییە، من تەنها یەک شایەت دەهێنمەوە، قەدیس خروسوستۆم[59]، کە نموویەک لە [[خود-هەڵکۆڵین]] و تاقیکردنەوەی ویژدان وەسف دەکات، و ئەم تاقیکردنەوەی ویژدان بەوردی هەمان فۆرم، هەمان ڕواڵەت، و هەمان تایبەتمەندیی ئیجرایی هەیە کە سینیکا لە کتێبی ***توورەیی***[*De Ira*]دا وەسفی دەکات، کتێبێک کە من هەفتەی ڕابردوو ئاماژەم پێ کرد. قەدیس خروسوستۆم دەنووسێت- و ئێوە دەتوانن بە وردیی یا تا ڕادەیەک هەمان ئەو وشانە لە کتێبەکەی سینیکادا بدۆزنەوە- «لە شەواندا ئێمە دەبێت تێچوونە دارابییەکانمان بدەین، و لە شەواندا و پاش ژەمی شەوانە، کاتێک کە چووینەتە ناو جێگەوە و هیچ کەس پەشێومان ناکات و ئاسوودەییمان تێک نادات، لەو کاتەدایە کە دەبێت داوای لێپێچینەوەی ڕەفتارمان لە خۆمان بکەین.» [[ئەمە بەوردی لێپرسینەوەی ڕۆژانەی ڕەفتارە کە خروسوستۆم پێشنیاری دەکات]]: «هەموو ئەو شتەی کە بۆ ئێمە

[59] .John Chrysostom

بەسـوودە و هەموو ئەو شـتەی کە بۆ ئێمە زیانبارە تاقی بکەینەوە و بپشکنین. واز بهێنین لە خەرجکردنە نابەجێکان و هەوڵ بدەین لەجیاتیی خەرجکردنە زیانبارەکان، سـەرمایەگوزاریی بەسـوود ئەنجام بدەین، و نزا و پاڕانەوەکان لەجیاتیی گوتە و وشـە هەڵنەسـەنگێنراوەکان...»[٦٠]. ئەمە بەوردی هەمان

---

[60]. Saint Jean Christome, *Homélie XLII. «Qu'il est dangreux pour l'orateur et pour l'auditeur de parler pour plair, qu'il est de la plus grande utilité comme de la plus rigoureuse justice d'accuser ses péchés»*.

«قسەکردن بە مەبەستی چێژبردن، هەم بۆ قسەکەر هەم بۆ بیسەر ترسناکە، و سەرزەنشتکردنی گوناهەکانی خود زۆرترین سوودی هەیە و سەختگیرانەترین دادپەروەرییە.»

Dans *CEuvres complètes*, t. III, 1864, p. 401:

«لە کاتی بێداربوونەوە و بەر لە ئامادەبوون لە شوێنی گشتی و بەر لە سەرقاڵبوون بە ئیش و کارەوە، خزمەتکارانمان بانگهێشت دەکەین و دەفتەری حساباتی خەرجکراوە ئەنجامدراوەکان لە ئەوان داوا دەکەین تا بزانین خەرجکراوەکان بەجێ بوون یا نابەجێ و چ بڕە پارەیەکمان بۆ دەمێنێتەوە. ئەگەر بڕێکی کەممان بۆ مابێتەوە، زەینمان دەگەڕێت بەدوای سەرچاوەی تازەدا تا خۆمان لە بەردەم تێداچوون بەهۆی برسییەتییەوە نەبینینەوە. بۆ ڕێنمایی ژیانمان دەبێت هەر ئەم کارە بکەین. ویژدانمان بانگهێشت بکەین و داوای لێ بکەین کە کردەکان و وتەکان و ئەندێشەکانمان ڕابگەیێنێت. توێژینەوەی ئەو شتە بکەین و بپشکنین کە سوودی هەیە بۆمان و

## تاقیکردنەوەی خود یا خود-هەڵکۆڵینی ئیجراییە کە هەفتەی ڕابردوو لە ئایدیاکانی ســـێنیکادا بینیمان.

---

ئەو شتەی کە زەرەری هەیە بۆمان؛ ئەو شتەی کە بە خراپی وتوومانە، وتەی خراپەخوازانە، گاڵتەجاڕ، سووکایەتی ئامێز و وتەگەلێک کە خۆمان بە ڕێپێدراو زانیوە بۆ وتنیان؛ توێژینەوەی ئەم خاڵە بکەین کە چ بیرکردنەوەیەک ئەم نیگا لەڕادەبەدەرە بێشەرمانەی بە ئێمە داوە؛ ئەنجامی چ نییەتێک، چ بە وتە چ بە دەست و چ بە نیگا، زەرەری پێ گەیاندووین. دەست بەردەین لە مەسرەف و خەرجکردنی نابەجێ و هەوڵ بدەین لەجیاتیی خەرجکردنە زیانبارەکان سەرمایەگوزاریی بەسوود ئەنجام بدەین، لەجیاتیی وتەی بێمانا و نابەجێ، دوعا بکەین و لەجیاتیی نیگاگەلێکی لەڕادەبەدەر بێشەرمانە، ڕۆژوو بگرین و سەدەقە بدەین. ئەگەر بە شێوەیەکی نابەجێ خەرج بکەین بەبێ ئەوەی کە بە شێوەیەکی بەجێ خەرج بکەین و بۆ مەلەکوت پاشەکەوت بکەین، بەرە بەرە تووشی بێنەوایی بێسنوور دەبین و خۆمان دەسپێرین بە عەزابگەلێکی بەرگەنەگیراو چ لە لایەنی ماوەوە چ لە لایەنی توندییەوە. لە بەرەبەیاندایە کە دەبێت ڕاپۆرتی تێچوون و خەرجکردنە دارابییەکانمان بخوازین و شەو پاش خواردن و کاتێک کە هیچ کەسێک وەڕزکەرمان نییە و ئاسوودەییمان تێک نادات، لەو کاتەدایە کە دەبێت ڕاپۆرتی ڕەفتارمان لە خۆمان داوا بکەین، ڕاپۆرتی ئەو شتەی کە بە درێژاییی ڕۆژ ئەنجاممان داوە و وتوومانە؛ و ئەگەر شتێکی خراپ بدۆزینەوە، دەبێت ویژدانمان دادگایی بکەین و سزا بدەین، دڵی گوناهکارمان غەمگین بکەین و بە وەها توندییەک لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکەین کە ڕۆژی دواتر دڵی هەستیارمان ئەم لێپێچینەوەیەمان بەبیر بهێنێتەوە و ئیتر بوێریی ئەوە نەکات ئێمە بخاتە ناو هەمان تەنگژەی گوناهەوە.»

[[هیچ شــتێک ئیجراییتر نییە لە ســەبکی ســێنیکایی خود-هەڵکۆڵین]].
بەڵام ئەم جۆرە کردارانەی ســەردەمی دێرین لەژێر کـاریگـەریی دوو توخمی بنچینـەیی مـەعنـەوییـەتی مەســیحیدا گۆڕانیان بەســەردا هات: پرەنســیپی گوێڕایەڵی و پرەنســیپی گەیشــتنی ڕۆح بە کەماڵی خودایی[61] یا قووڵبوونەوە لە خودا. یەکەم، پرەنسیپی گوێڕایەڵی. بینیمان کە لە قوتابخانە فەلســەفییەکانی ســەردەمی کۆندا، پەیوەندیی نێوان مامۆســتا و قوتابی، بە وتەیەک، کەڵکدەر و کاتی بوو. گوێڕایەڵیی قوتابی لەســەر توانایی مامۆســتا لە ڕێنماییکردنی قوتابی بۆ یەک ژیانی بەختەوەرانە و لەڕادەبەدەر ســەربەخۆ دامەزرابوو. لەبەر زنجیرەیەک هۆکار کە لێرەدا کاتی ئەوەم نییە قســەیان لەســەر بکەم، پەیوەندیی نێوان مامۆســتا و قوتابی، بە دەربڕینێک، گوێڕایەڵی، خەسڵەتگەلێکی ئێجگار جیاوازی هەیە لە ژیانی ڕەهبانی، و ئەڵبەتە بە تایبەت، لە جڤاکی باوەڕدارە کڵێسانشینەکاندا. گوێڕایەڵی لە دامەزراوە ڕەهبانییەکاندا تەواوی لایەنەکانی ژیانی دەگرتەوە؛ ڕێســایەکی کۆن و تەواو ناســراو لە ئەدەبیاتی

[61]. contemplation

ڕەهبانیدا هەیە [[کە کاسیانوس، بە پەیڕەویکردن لە زۆربەی باوکان]]، بەم جۆرە دەیگوازێتەوە: «هەر شتێک بەپێی فەرمانی ڕێنماییکارت ئەنجامی نەدەیت، یا هەر شتێک بەبێ مۆڵەتی ئەو ئەنجامی بدەیت، بە یەک دزی هەژمار دەکرێت.»[٦٢] [[کاسیانوس سەرگوزەشتەی ڕاهیبێکی لاو دەگێڕێتەوە کە ئەوەندە نەخۆش بوو لە لێواری مەرگدا بوو. لەگەڵ ئەمەشدا بەر لە مەرگ، داوای مۆڵەتی مەرگ لە مامۆستاکەی دەکات، بەڵام مامۆستا مردنی لێ قەدەغە دەکات. کەواتە چەند هەفتەیەکی زیاتر زیندوو دەمێنێتەوە، و ئەوکات مامۆستا فەرمانی پێ

[٦٢]. بۆ نموونە، بگەڕێنەوە بۆ:

Saint Basile, *Exhortatio de renuntiatione saeculi*, 4, dans Patrologia Graeca, 31, 633B:

«هەر کردەیەک بەبێ مۆڵەتی سەروو دزین یا ئەتکی حورمەتە کە تەنانەت ئەگەر پێت وابێت باشە بە مەرگ کۆتایی دێت نەک بە قازانج بردن.» (لەم سەرچاوەوە وەرگیراوە):

Hausher, *Direction spritulle en Orient autrefois*, Rome, Pont, Institutum Orientalium studiorum, 1955, p. 190-191.

دەدات و ڕاهیبی لاو دەمرێت[٦٣]]. کەواتە، گوێڕایەڵی پەیوەندییەکی هەمیشـــەییە، و تەنانەت کاتێک کە ڕاهیب پیر دەبێت و کاتێک کە ئەویش دەبێتە یەک مامۆســـتا، تەنانەت لەو کاتەشـــدا دەبێت ڕۆحی گوێڕایەڵی وەک چاوپۆشـــیکردنی[٦٤] هەمیشـــەیی لە ویستی خود بپارێزێت[٦٥].

---

[٦٣]. . ئەم چیرۆکە کە دەربارەی ڕاهیب قەدیس دۆزیتە، ڕاهیبێک کە بۆ مردن چاوەڕێی مۆڵەتی مامۆستاکەی بوو، لە ڕاستیدا چیرۆکی قەدیس دۆرتی خەڵکی غەزەیە لە:
Dorthée de Gaza, *Vie de Saint Dosithée*, 10, dans *CEuvres spirituelles*, «Sources chréthiennes», paris, édition du Cerf, 1963, p. 139.

[٦٤]. لە دەقە ئینگلیزییەکەدا لەجیاتیی "چاوپۆشیکرن"، "قوربانیکردن" دانراوە کە بەپێی شیکارییەکانی فوکۆ لە وتاری «تەکنیکەکانی خود» هەمان مانا دەدات: قوربانیکردنی هەمیشەیی ویستی خود.

[٦٥]. فوکۆ لە وانەی ١٩ی مارسی ١٩٨٠ لە وانەوتاری ***دەربارەی بەڕێوەبردنی زیندووەکان***، قسە لەسەر «دوو ئەرکی بنچینەیی» دەکات کە تایبەتمەندیی ڕێنمایی مەسیحیی ویژدانە لە ناخی دامەزراوە ڕەهبانییەکاندا: «گوێڕایەڵیی کامڵ و هیچ شتێک پەنهان نەکردن» یا بە دەربڕینێکی تر، «هیچ شتێک خودسەرانە نەخواستن» و «هەموو شتێکی خۆ گوتن». فوکۆ پاشان ئەم «پرەنسیپی گوێڕایەڵی»یە بە تێروتەسەلی شرۆڤە دەکات و دەیخاتە جەمسەری پێچەوانەی ئایدیا و کرداری ڕێنمایی لە سەردەمی کۆندا: لە ڕێنمایی مەسیحیدا، ئەگەر دەبێت تاکی مەسیحی گوێڕایەڵی بکات، ئەوا ئەم گوێڕایەڵییە بۆ ئامانجێکی «دەرەکی» نییە (ئاسوودەیی

خەسـلەتێکی تر هەیە کە دیسپلینی ڕەهبانی جیا دەکاتەوە لە ژیانی فەلسەفی. لە ژیانی ڕەهبانیدا، چاکەی باڵا باڵادەستبوون نییە بەسەر خۆدا، بەڵکە چاکەی باڵا لە ژیانی ڕەهبانیدا گەیشتنە بە کەماڵی خودایی یا قووڵبوونەوە لە خودا. ڕاهیب ئەرکدارە کە بە بەردەوامی ئەندێشەی ڕووەو ئەو پنتە یەکتایە، واتە خواوەند، ئاراستە بکات، و هەروەها ئەرکدارە کە [[دڵنیایی بە دەست بهێنێت]] و بە چەشنێک کار بکات کە دڵی، ڕۆحی و چاوی ڕۆحی ئەوەندە پاک

---

ڕۆح، بەختەوەری، حکوومەت و هتد)، بەڵکە بۆ پێکهێنانی یەک «دۆخی گوێڕایەڵی»ی هەمیشەیی و بەڵگنەویستە. کەواتە، «گوێڕایەڵی گوێرایەڵی دەهێنێت»، واتە گوێڕایەڵی- کە هەم تەسلیم و فەرمانبردنە («ئەو شتەی کە ئەویتر دەیەوێت دەمەوێت») و *patientia* («بەدەر لەو شتەی کە ئەویتر دەیەوێت هیچم ناوێت») و هەم خاکەڕایی و ملکەچییە («نامەوێت بمەوێت»)- مەرج و لە هەمان کاتدا ئامانجی ڕێنماییە. بگەڕێنەوە بۆ: GV, p. 260-269. بۆ شرۆڤەیەکی هاوشێوە، بگەڕێنەوە بۆ: MFDV, p. 127-138. فوکۆ لە شوێنێکی تردا بە بۆنەی توێژینەوەی شوانکارەیی مەسیحییەوە، پێشتر ئەم «پێداگرتن لەسەر گوێڕایەڵیی پەتی» شرۆڤە دەکات. بگەڕێنەوە بۆ:
STP, p. 177-182. And «""Omnes et singulatum"": vers une critique de la raison politique», dans DE II, n 291, p. 946-965.

بن کە بتوانێت خواوەند ببینێت و ڕووناکیی خودایی لە خواوەند وەربگرێت[٦٦].

تەکنەلۆژیای خود کە لەژێر ئەم پرەنسیپەی گوێڕایەڵیدا جێ دەگرێت و بە ئاڕاستەی ئامانجی گەیشتن بە کەماڵی خودایی یا قووڵبوونەوە لە خودا کار دەکات، لە ڕەهبانییەتی مەسیحییەتدا کۆمەڵێک تایبەتمەندیی تایبەت دەنوێنێتەوە. *Institutiones cénobitiques* [دامەزراوە] و *Collationes* [بەربانگەکان] [کڵێسانشینەکان] بەرهەمی جۆن کاسیانوس[٦٧] شرۆڤەیەکی تا ڕادەیەک سیستماتیک و ڕوون دەربارەی خود-هەڵکۆڵین و دانپێدانان بەو جۆرەی کە ڕاهیبانی میسری و فەلەستینی کاریان پێ دەکردن[٦٨] پێشکەش دەکات. و من دەمەوێت

---

[٦٦]. دەربارەی گەیشتن بە کەماڵی خودایی یا قووڵبوونەوە لە خودا، بگەڕێنەوە بۆ: GV, p. 293 et MFDV, p. 144-145؛ [هەروەها بگەڕێنەوە بۆ وتاری «تەکنیکەکانی خود» لە: م. فوکۆ، ***شانۆی فەلسەفە***، ل. ٥٤٩-٥٥٠].

67. Jean Cassien, *Institutions cénobitiques*, «Sources chrétienned», paris, éditions du Cerf, 1965, et *conférences*, «Sources chrétiennes», paris, éditions du Cerf, 1955-1959.

[٦٨]. جگە لەو دەقانەی کە پێشتر گوازرانەوە، فوکۆ خود-هەڵکۆڵین، بەو جۆرەی کە کاسیانوس وەسفی دەکات، لە« Le combat la

بەدواداچوون بۆ ئاماژەگەلێک بکەم کە ئێوە دەتوانن لەم دوو بەرهەمەدا بیاندۆزنەوە، دوو بەرهەم کە لە دەستپێکی سەدەی پێنجەمدا نووسراون. [[جۆن کاسیانوس بەر لەوەی کە بگەڕێتەوە بۆ باشووری فەڕەنسا و ئەم دوو کتێبە بنووسێت، دوو کتێب کە جۆرێک گەشتنامە یا شرۆڤەی گەشتن بۆ ناو پەرستگاکانی میسر و فەلەستین، دیدار لەگەڵ ئەم ڕاهیبانەدا دەکات. کەواتە، جۆن کاسیانوس خود-

---

«chasteté» [جیهاد بۆ داوێنپاکی]یشدا (لە -DE, n 312, p. 114 1127) توێژینەوە دەکات؛ و لەم دەقەدا بەڵگە و شەهادەتی کاسیانوس دەربارەی کردارەکانی ژیانی ڕەهبانی شیکار دەکات تا هێرمنۆتیکی مەسیحیی سوژە لە دیدگای پەیدابوونی گرفتی «جەستە»وە توێژینەوە بکات. بە تایبەت، ئەم گرفتە بڕیار بوو تێگەی بەرگی چوارەمی ***مێژووی سێکسواڵیتە*** بە ناونیشانی ***دانپێدانانەکانی جەستە*** بێت. هەروەها فوکۆ لە وانەی بیست و چوارەمی شوباتی ١٩٨٢ لە وانەوتاری ***هێرمنۆتیکی سوژە***دا، لە بڕگەیەکی کورتی وتاری ١٩٨٣ دەربارەی [*parrêsia*گوتنی هەقیقەت دەربارەی خود] لە زانکۆی کالیفۆرنیا لە بێرکلی، دەگەڕێتەوە بۆ کاسیانوس و لەم وتارەدا ئاماژە بە جیاوازییەکانی نێوان خود-هەڵکۆڵینی مەسیحی و ڕاهێنانی ڕەواقیی هەڵکۆڵینی ئایدیاکان دەکات، هەڵکۆڵین و پشکنینی ئایدیاکان بەو جۆرەی کە ئەپیکتەتۆس و مارکۆس ئۆرلیۆس شرۆڤەیان کردبوو. بگەڕێنەوە بۆ:

HS, p. 286-288 et *Fearless Speech*, op. cit., p. 160-162.

هەڵکۆڵین و دانپێدانان کە ئەم ڕاهیبانە کاریان پێ دەکردن، ڕاهیبگەلێک کە لە ڕۆژهەڵات دیداریان لەگەڵ دەکات، چۆن وەسف دەکات؟]] یەکەم، دەربارەی خود-هەڵکۆڵین. یەکەمین خاڵ دەربارەی خود-هەڵکۆڵین لە ژیانی ڕەهبانیدا ئەمەیە کە لەم جۆرە ڕاهێنانە مەسیحییەدا، خود-هەڵکۆڵین زیاتر و زیاتر سەروکاری لەگەڵ ئەندێشەکاندا هەیە تا کردارەکان. چون ڕاهیب دەبێت بە بەردەوامی ئەندێشەکانی ڕوو لە ئاڕاستەی خواوەند بکات، و ئەمە ڕێڕەوی کردەکانی نییە کە دەبێت کۆنترۆڵی بکات، بەو جۆرەی کە فەیلەسوفی ڕەواقی بەم جۆرە کاری دەکرد، بەڵکە دەبێت ڕێڕەوی ئەندێشەکانی کۆنترۆڵ بکات و بە دەستەوە بگرێت. نەک تەنها دەبێت هەڵچوون و هەوەسەکانی کۆنترۆڵ بکات کە دەتوانن چەسپاویی ڕەفتاری ڕاهیب لەق بکەن؛ بەڵکە دەبێت ئەو وێنانە کۆنترۆڵ بکات کە خۆیان نیشانی ڕۆح دەدەن و لە ڕۆحدا ئامادە دەبن، ئەندێشەگەلێک کە گەیشتن بە کەماڵی خودایی یا تێڕامان لە خودا دەشێوێنن، و چاندن و نیشانەگەلێکی جۆراوجۆر کە سەرنجی ڕۆح لە ئامانجەکەی، واتە لە خواوەند، بەلاڕێدا دەبەن. تا ئەو شوێنەی کە ئەو مادە سەرەتاییەی کە چاودێریکردن و خود-هەڵکۆڵین

دەبێت بەسـەریدا پیادە بکرێت، ئەو مادە سـەرەتاییە پانتاییەکە ئاسـایی لەپێشـتر لە کردەکان، هەروەها لەپێشتر لە ویست، و تەنانەت پانتاییەکی لەپێشتر لە ئارەزووەکان- مادەیەکی ئێجگار سـەرسـەخت و هەمیشـەیی تر لەو مادەیەی کە فەیلەسـوفی ڕەواقی دەبوو لـە خۆیـدا هـەڵی بکۆڵێـت. ڕاهیـب دەبێـت مادەیەک هەڵبکۆڵێت یا بپشـکنێت کە دامەزرێنەرانی یۆنـانی (هـەمیشـە بـە شـێوەیـەکی تـا ڕادەیـەک سـووکایەتی ئامێز) بە *logismoi* و لە زمانی لاتینیدا بە *cogitations* ناویان دەبرد[٦٩]، واتە ئەندێشـەکان، جووڵە تا ڕادەیەک هەستپێنەکراوەکانی ئەندێشـەکان، بزووتنی هـەمیشـەیی ڕۆح. [[هـەمـان ڕۆحێک کـە کاسیانوس بە سوودوەرگرتن لە دوو وشەی یۆنانی وەسـفی دەکرد: *polukinêtos kai aeikinêtos*. واتە، ڕۆح هـەمیشـە دەجووڵێت و دەجووڵێت بە هـەموو ئاڕاسـتەکاندا[70]]]. ئەم مادەیەیە کە ڕاهیب دەبێت بە

---

٦٩. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر دەربارەی ئەم تێگەیە، بگەڕێنەوە بۆ: Brion et Harcourt, dans MFDV, p. 190, n1 and M. Senellart, dans GV, p. 310, n 32.

70. Jean Cassien, *Première conférence de l'abbé Serenus. De la mobilité de l'âme et des esprits du mal*, IV, dans *Conférences*, t. I, *op.*cit., p. 248.

بەردەوامی هەڵیبکۆڵێت و بیپشکنێت تا بتوانێت چاوی ڕۆحی هەمیشە ئاڕاستەی ئەو پنتە تاقانەیە بکات، پنتێک کە خواوەندە. بەڵام، کاتێک کە ڕاهیب چاودێریی ئەندێشەکانی دەکات، سەرقاڵی چ شتێکە یا کەڵکەڵەی چی هەیە؟ بە دڵنیاییەوە، کەڵکەڵەی پەیوەندیی نێوان ئایدیا و واقیعییەتی نییە. ئەو سەرقاڵی پەیوەندیی هەقیقەت نییە، پەیوەندییەک کە وا دەکات یەک ئایدیا هەڵە یا ڕاست بێت. ئەو سەرنج لە پەیوەندیی نێوان زەینی خۆی و جیهانی دەرەکی نادات. ئەو شتەی کە ڕاهیب سەرقاڵە پێیەوە سرووشت یا چییەتی، کوالیتی[71] و جەوهەری ئەندێشەکانی خۆیەتی.

پێم وایە کە پێویستە بۆ ساتێک لەسەر ئەم خاڵە گرنگە بوەستین. بۆ تێگەیشتن لەمەی کە ئەم هەڵکۆڵینە هەمیشەییە چییە، کاسیانوس سوود لە سێ چیرۆکی ڕەمزیی بەراوردکاری وەردەگرێت. یەکەم، ئەو سوود لە چیرۆکی ڕەمزیی ئاش[72] وەردەگرێت. بە وتەی کاسیانوس، ئەندێشە وەک بەردی ئاساوە کە تۆوەکان دەهاڕێت و ورد دەکات.

71. quality

72. mill؛ ئاساو، ئاسیاوی ئاو.

تۆوەکان ئاسـاییـ ئایدیاگەلێکن کە بەردەوام لە ڕۆح و زەینماندا خۆیان دەنوێننەوە و ئامادە دەبن. و لەم چیرۆکە ڕەمزییەی بەردی ئاشـدا، لە ئەسـتۆی ئاشەوانە کە تۆوەکان ورد بکات و تۆوە باشەکان لە تۆوە خراپەکان جیا بکاتەوە، و تۆوە باشـەکان چونکە باشـن بخاتە نێوان بەردی ئاشـەکەوە[٧٣]. هەروەها کاسـیانوس سـوود لە چیرۆکی ڕەمزیی ئەفسەرێک وەردەگرێت کە سەربازەکانی لە بەرانبەر خۆیدا ڕیز دەکات و ناچاریان دەکات کە بە لای ڕاسـت یا بە لای چەپدا بڕۆن، و بەپێی تواناییان ئەرکێک بۆ هەر یەکەیان دیاری دەکات[٧٤]. و دواجار، دواهەمین چیرۆکی ڕەمزیی کە بە باوەڕی من، گرنگترین و سەرنجڕاکێشترینە. کاسیانوس دەڵێت کە دەبێت لە بەرانبەر خۆماندا چەشـنی یەک دراوگۆڕەوە[٧٥] مامەڵە بکەین. سـکە کانزاییەکان دەدرێن بە دراوگۆڕەوە و ئەرکی ئەو ئەمەیە کە

[73]. Jean Cassien, *première conférence de l'abbé Moise. Du but et de la fin du moine*, XVIII, dans conférence, t. I, *op.* cit., p. 99.

[74]. Jean Cassien, *première conférence de l'abbé Serenus*, V, *op.* cit., p. 249-250.

[٧٥]. moneychanger؛ سەڕاف.

سـکەکان هەڵسـەنگێنێت، کێشـانەیان بکات و ڕاستەقینەبوونیان بپشکنێت، بە شێوەیەک کە سکە ئەسڵەکان پەسەند بکات و سکە تەزویرەکان ڕەت بکاتەوە. کاسـیانوس ئەم چیرۆکە ڕەمزییە بە تێروتەسەلی شرۆڤە دەکات، و دەڵێت کاتێک کە یەک دراوگۆڕەوە سکەیەکی کانزایی دەپشکنێت، تەماشای ئەو پەیکەرە دەکات کە لەسـەری هەڵکۆڵراوە، لە کانزای سـکەکە ورد دەبێتەوە تا بزانێت لە چی دروسـت کراوە و ئایا کانزایەکی بێخەوشـە یا نا. دراوگۆڕەوە دەبێت پەیجۆری بکات تا بزانێت کە ئەم سکەیە لە چ کارگەیەکدا بەرهەم هێنراوە، و سکەکە لەناو دەستەکانیدا کێشانە بکات تا بزانێت ئایا چاک دروسـت کراوە یا نا. بە هەمان ڕێگە، کاسـیانوس دەڵێت کە دەبێت کوالیتیی ئەندێشـەکانمان بپشکنین، و بزانین کە ئایا ئەم ئەندێشـانە بە ڕاستی هەڵگری پەیکەری خواوەندن؛ بـە دەربڕینێکی تر، ئـایا ئەندێشـەکانمان بە ڕاسـتی ئەگەری گەیشـتن بە کەماڵی خودایی و قووڵبوونەوە لە خواوەند بە ئێمە دەدەن، و ئایا درەوشانەوەی ڕووکاریان خەوشداریی ئەندێشـەیەکی چەپەڵ ناشـارنەوە؟ ئاخێزگەی ئەم ئەندێشـانە کامەیە؟ ئایا لە خواوەندەوە دێن یا لە کارگەی شـەیتانەوە؟ و لە کۆتاییدا، تەنانەت ئەگەر

کوالیتی و ئاخێزگەیان باش بێت، ئایا ئەم ئەندێشانە لە ڕێگەی هەستە چەپەڵەکانەوە تۆزیان لەسەر نەنیشتووە و ژەنگیان هەڵنەهێناوە[٧٦]؟ بە باوەڕی من، ئەم فۆرمەی هەڵکۆڵین و پشکنین هەم نوێیە هەم لە ڕووی مێژووییەوە گرنگ.

ڕەنگە کەمێک زیاد لە ڕادە جەختم لەسەر خود-هەڵکۆڵینی ڕەواقی کردبێت، هەڵکۆڵینێک کە گرنگی بە کردەکان و ڕێساکان دەدا. لەگەڵ ئەمەشدا، دەبێت گرنگیی پرسیاری هەقیقەت لای ڕەواقییەکان پەسەند بکەین، بەڵام ئەم پرسیارە بەپێی بۆچوونە ڕاست و هەڵەکان کە کردە باش یا خراپەکان مەیسەر دەکەن، دەخرێتە ڕوو. بۆ کاسیانوس، گرفت ئەمە نییە کە ئایا لە نێوان ئایدیا و ڕیزبەندیی شتە دەرەکییەکاندا سازگاری بوونی هەیە یانا؛ بەڵکە گرفت پشکنین و هەڵکۆڵینی ئەندێشەیە لە خۆیدا. ئایا ئەندێشە بە ڕاستی ئاخێزگە ڕاستەقینەکەی نیشان دەدات، ئایا بە هەمان ئەندازە پاک و بێخەوشە کە دەردەکەوێت، و ئایا توخمە نامۆکان بە فێڵەوە خۆیان تێکەڵ بە ئەندێشە نەکردووە؟ بە سەرنجدان لە هەموو

[76]. Jean Cassien, *première conférence de l’abbé Moise*, XX-XXII, *op*. cit., p. 101-107.

لایەنەکان، پرسیار ئەمە نییە کە: «ئایا لە بیرکردنەوە لەم جۆرە شـــتانە هەڵە نەبووم؟»، بەڵکە پرســـیار ئەمەیە کە: «ئایا ئەندێشـەیەک کە گەیشـتووە بە من، منی گومڕا نەکردووە؟» ئایا ئەندێشـەیەک کە دەگات بە من- و ســـەربەخۆ لە هەقیقەتی شـــتگەلێک کە دەیـاننوێنێتـەوە- یـەک وەهمی من نییـە دەربـارەی خۆم؟ بۆ نموونە، ئەم ئایدیایە گەیشـــتووە بە من کە ڕۆژووگرتن شتێکی باشە. ئەم ئایدیایە بە دڵنیاییەوە ئایدیایەکی ڕاســـتەقینەیە، بەڵام ڕەنگە ئەم ئایدیایە نەک ڕاسپاردەی خواوەند، بەڵکە ڕاسپاردەی شەیتان بێت تا من لە ڕکابەریکردن لەگەڵ ڕاهیبەکانی تردا دابنێت. و لەم حاڵەتەدا هەستە چەپەڵەکان دەربارەی ئەوانی تر دەتوانێت تێکـەڵ ببێت لـەگـەڵ ئـامـانجی ڕۆژووگرتندا. بەم شـــێوەیە، ئەم ئایدیایە لە نیگای جیهانی دەرەکیدا یا لە نیگای ڕێساکاندا، ڕاستەقینەیە، بەڵام ئایدیایەکی ناپاک و خەوشـدارە، چون ئاخێزگە و سەرچاوەکەی لە هەستە چەپەڵەکانەوە سەرچاوە دەگرێت. و ئێمە دەبێت ئەندێشـەکانمان ڕەمزشـکێنی بکەین وەک دراوی کەسی یا سوبێکتیڤ کە پێویستە ڕاڤە بکرێن، و پێویســـتـە بـە وردبینییەوە تـەواوی ئاخێزگە و ڕیشەکانییان بپشکنین.

مەحاڵە تووشی سەرسوڕمان نەبین لە هاوشێوەیی ئەم تێگە گشتییە و هاوشێوەیی ئەم وێنەیەی دراوگۆڕەوە لەگەڵ هەندێک دەقی فرۆید دەربارەی سانسۆر[٧٧]. دەتوانین بڵێین کە سانسۆری فرۆیدیی

[77].Censorship

ئەم گەڕانەوەیە بۆ فرۆید لە وانەوتاری ١٩٧٩-١٩٨٠ لە کۆلێژ دو فرانس و لە وانەوتاری لۆوڤەین، ئەڵبەتە لەگەڵ جیاوازیگەلێکی گرنگدا، دەبینرێت. لە وانەی ١٢ی مارسی ١٩٨٠ لە وانەوتاری ***دەربارەی بەڕێوەبردنی زیندووەکان***، فوکۆ چەمکسازیی فرۆیدیی سانسۆر بەراورد دەکات بە کرداری هەڵکۆڵینی ویژدان، بەو جۆرەی کە سێنیکا لە کتێبی ***تووڕەیی***دا وەسفی دەکات، بە تایبەت ئەو شتەی کە پەیوەستە بە لایەنی هەڵکۆڵینی ویژدانەوە وەک «ئامادەکردن» بۆ خەوێکی باش. بگەڕێنەوە بۆ: GV, p. 237. لە لایەکی ترەوە، بە ڕێگەیەکی هاوشێوەی ئەو شتەی کە فوکۆ لێرەدا ئەنجامی دەدات، لە دەستپێکی وانەی ١٣ی مایسی ١٩٨١ لە وانەوتاری ***خراپکردن، گوتنی هەقیقەت***، وێنەی سانسۆری فرۆیدیی دەقەکانی کاسیانوس دەهێنێتەوە پێش چاو. دواتر لە هەمان وانەدا، فوکۆ دووبارە قسە لەسەر فرۆید دەکاتەوە، بەڵام ئەم جارە بە خستنەڕووی گرفتی ناخودئاگا و ڕەنگڕێژکردنی «یەک هێرمنۆتیکی خود کە سوودمەند دەبێت لە تەکنیکە ڕاڤەییەکانی خود». سەرەنجام بە درێژاییی وانەی ٢٠ی مایسی ١٩٨١، فوکۆ دووبارە دەپەرژێتە سەر هێرمنۆتیکی مەسیحیی سوژە و ڕایدەگەیێنێت «لە ڕێگەی زنجیرەیەکی کاملی کارەکانەوە کە ئەڵبەتە فرۆید و دەروونشیکاری لەو زنجیرەیەدا شوێنێکی سەرەکیان هەیە، هێرمنۆتیکی سوژە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا بە ڕووی یەک میتۆدی ڕەمزشکێنیدا کرایەوە کە بە تەواوەتی جیاواز بوو لە کرداری هەڵکۆڵینی هەمیشەیی و

هەم لەگەڵ دراوگۆڕەوەی کاسـیانوس یەک شـتە و هەم قڵپکراوەی دراوگۆڕەوەی کاسـیانوسـە؛ هەم دراوگۆڕەوەی کاسـیانوس و هەم سـانسـۆری فرۆیدیی دەبێت دەسـتگەیشـتن بە ئاگایی کۆنترۆڵ بکەن- و دەبێت ڕێگە بە هاتنە ناوەوەی هەندێک لە ئایدیا، وێنە و نواندنەوەکان[78] بدەن و ئەوانی تر سـەرکوت بکەن. بەڵام کارکردی دراوگۆڕەوەی کاسـیانوس بریتییە لە ڕەمزشـکێنیی تەزویربوون یا وەهمیبوونی ئەو شـتەی کە خۆی بۆ ویژدان دەنوێنێتەوە و پاشان ڕێگەدان بە هاتنە ناوەوەی ئەو شـتەی کە تەنها ڕەسـەن و بڕواپێکراوە. بۆ ئەو مەبەسـتە دراوگۆڕەوەی کاسـیانوس سـوود لە یەک توانایی و لێهاتوویی تایبەت وەردەگرێت کە باوکانی لاتین بە *discretion*[جیاکردنەوە، دەسـتنیشـانکردن] و باوکانی

---

بەزمانهێنانی گشتگیر کە دەربارەی مەسیحییەتی دێرین لەبارەیەوە قسەم کرد بۆتان. هێرمنۆتیکی سوژە سەرڕێژ دەشکۆفێت و ئامراز و میتۆدەکەی کۆمەڵێک پرەنسیپی ڕەمزشکێنییە کە زۆر نزیکترە لە شیکارکردنی یەک دەق.» بگەڕێنەوە بۆ: MFDV, p. 162, 168-169 et 224. فوکۆ پێشتر لە یەک وتارداندا لە ١٩٦٤ کە سێ ساڵ دواتر بە ناونیشانی «نیچە، فرۆید، مارکس» بڵاو کرایەوە، [بگەڕێنەوە بۆ: م. فوکۆ، ***شانۆی فەلسەفە***، ل. ١٧-٤٦]، گرنگی بە گرفتی هێرمنۆتیک دا لە فیکری فرۆیددا.

78. representations

یۆنانی بە *diacrisis*[جیاکردنەوە، دەستنیشانکردن] ناویان دەبرد[٧٩]. سانسۆری فرۆیی، بە بەراورد بە دراوگۆڕەوەی کاسیانوس، هەم شەڕانگێزترە هەم ساویلکەتر. سانسۆری فرۆیدیی شەڕانگێزە، چون ئەو شتە سەرکوت دەکات کە خۆی بەو جۆرەی کە هەیە نیشان دەدات و دەنوێنێتەوە، و ئێجگار ساویلکەترە، چون ئەو شتە پەسەند دەکات کە بە ئەندازەی پێویست، ڕواڵەتێکی گۆڕاوی هەیە. دراوگۆڕەوەی کاسیانوس بەرپرس و لە ئەستۆگری هەقیقەتە لە ڕێگەی *discretion* و *diacrisis*ەوە؛ [بەڵام] سانسۆری فرۆیدیی بەرپرسی ڕەمزییە یا لەئەستۆگۆری پووچەڵکردنەوەیە لە ڕێگەی بەڕەمزیکردنەوە[٨٠]وە. لەگەڵ ئەمەشدا، من نامەوێت ئەم هاوشێوەییە زیاتر سەرتر ببەم؛ و ئەمە تەنها یەک ئاماژەیە، بەڵام پێم وایە کە پەیوەندییەکانی نێوان کرداری فرۆیدیی و تەکنیکە مەسیحییەکانی مەعنەوییەت دەتوانن یەک هەرێمی ئێجگار

[٧٩]. فوکۆ لە وانەی ٢٦ی مارسی ١٩٨٠ لە وانەوتاری ***دەربارەی بەڕێوەبردنی زیندووەکان***، ڕوونکردنەوەگەلێکی زیاتر دەربارەی ئەم تێگەیە دەخاتە ڕوو. بگەڕێنەوە بۆ: GV, p. 285–301.

[80]. Symbolization/symbolisation

ســـــەرنجڕاکێشـــــی توێژینەوە بن، ئەڵبەتە ئەگەر بە جدییەوە ئەنجام بدرێت.
[[ئەو شـتەی کە دەمەوێت ئەمشـەو جەختی لەسـەر بکەم شـــتێکی ترە، یا بە لایەنی کەمەوە شـــتێکە کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەوەوە هەیە. شتێکی بە ڕاستی گرنگ لە شێوازی کاسیانوسدا بوونی هەیە بۆ خستنەڕووی گرفتی هەقیقەت دەربارەی ئەندێشە: ١) ئەندێشـــەکان- نە ئارەزووەکان، نە هەوەس و هەڵچوونەکان، نە ڕەفتارەکان، نە کردەکان- لە کاری کاسیانوسدا و لە تەواوی ئەو مەعنەوییەتەدا کە ئەو نوێنـەرایـەتی دەکـات، وەک یـەک هـەرێمی دراوی سوبێکتیڤ دەنوێنرێنەوە کە دەبێت لەبەرچاو بگیرێن و وەک ئۆبژە شـــیکار بکرێن[٨١]. و بە باوەڕی من، ئەمە یەکەمین جارە لە مێژوودا کە ئەندێشەکان وەک ئۆبژەگەلێکی ڕەخساو بۆ یەک شیکارکردن لەبەرچاو دەگیرێن. ٢) ئەندێشـەکان نابێت لە پەیوەندیی لەگەڵ ئۆبژە یا بابەتەکانیان، و بەپێی ئەزموونی ئۆبێکتیڤ یا بەپێی ڕێســـا لۆجیکییەکان شـــیکار بکرێن؛ بەڵکە

---

[٨١]. دەربارەی پێکهێنانی ئەم «هەرێم»ی نوێ، هەروەها بگەڕێنەوە بۆ:
M. Foucault, «Le combat de chasteté», art. cit., p. 1125-1126.

دەبێــت گومــانیــان لێ بکرێــت، چون دەتوانن بــە نهێنییەوە بشـــێوێنرێن، و لە جەوهەریاندا ڕواڵەتێکی گۆڕاو بە خۆوە بگرن. ٣) ئەو شـــتەی کە مرۆڤ پێویســـتی پێیەتی، ئەگەر نایەوێت ببێتە قوربانیی ئەندێشـــەکانی، کاری ڕاڤەی هەمیشـــەییە، یەک هێرمنۆتیکی هەمیشـەیی[٨٢]. کارکردی ئەم هێرمنۆتیکە دۆزینەوەی واقیعییەتی شـاراوەیە لەناو ئەندێشـەدا. ٤) ئەم واقیعییەتە کە دەتوانێت لەناو ئەندێشـــەکانمدا پەنهان ببێت یەک دەســـەڵاتە، دەســـەڵاتێک کە چییەتییەکی تری جیاوازی نییە لە چییەتیی ڕۆحم، وەک، بۆ نموونە، جەستەم کە چییەتییەکی جیاوازی هەیە. دەســـەڵاتێک کە لەناو ئەندێشـــەکانمدا پەنهان دەبێت، ئەم دەســـەڵاتە هەمان چییەتی هەیە کە ئەندێشـــەکان و ڕۆحم هەیانە: ئەمە شـــەیتانە. ئەمە حزووری ئەوی ترە لە مندا[٨٣]. پێکهێنانی ئەندێشـــە

---

[٨٢]. ڕاڤەی هێرمنۆتیکی هەمیشەیی، یەک کاری هەمیشەیی هێرمنۆتیکی.

[٨٣]. فوکۆ تێگەی «حزووری ئەوی تر لە مندا» یا «ئەوی تر لە خودماندا» لە وانەی ١٣ و ٢٠ی شوباتی ١٩٨٠ لە وانەوتاری ***دەربارەی بەڕێوەبردنی زیندووەکان***، بە تایبەت دەربارەی تێرتولیانوس و ئامادەکردنی پێویستییەکانی غەسلی تەعمید، شرۆڤە و پەرە پێ دەدات. بگەڕێنەوە بۆ: GV, p. 121-122, 128, 153-158.

وەک یەک هەرێمی دراوی سـوبێکتیڤ کە پێویسـتی بە یەک شیکاری ڕاڤەییە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی ئەویتر لە مندا بدۆزرێتەوە، ئەگەر ئەم خاڵە بەراورد بکەین بە تـەکنـەلۆژیا ڕەواقییەکانی خود، بە باوەڕی من، یەک ڕێگەی تەواو نوێی دامەزراندنی پەیوەندییەکانی نێوان هــەقیقــەت و ســـوبێکتیڤیتــەیــە. پێم وایــە هێرمنۆتیکی خود هەر لەم شـــوێنەوە دەســـت پێ دەکات.

بەڵام پێویستە سـەرتر بچین، چون گرفت ئەمەیە کە چۆن ئـەنجـامـدانی هـەمیشـــەییی ئـەم هێرمنۆتیکی زەروورییی ئـەنـدێشـــەکانمـان ڕەخســـاوە، چۆن ئەنجامدانی ئەم کاری دراوگۆڕەوە ڕەخسـاوە، چۆن دەتوانین دراوگۆڕەوەی خۆمـان بین، دراوگۆڕەوەی ئەندێشـــەکانمان؟ ئەو وەڵامەی کە کاســـیانوس و ئیلهامبەخشـەکانی سـەبارەت بەم کاری دراوگۆڕەوە دەیدەنـەوە، هـەم ڕوونـە هـەم ســـەرســـوڕهێنـەر. وەڵامەکەیان ئەمەیە کە تۆ تەنها لە حاڵەتێکدا دەبیتە دراوگۆڕەوەی خۆت و تـەنـهـا لـە حـاڵـەتێکدا دەبیتـە سـەڕافی ئەندێشـەکانت و ئەندێشـەکانت ڕاڤە دەکەیت و دەبیتە ڕاڤەکاری خۆت کە ئەم ئەندێشـــانەت بە مامۆستا یا بە باوکان بڵێیت، و نەک بە گوناهەکان و هەڵـەکاندا یا کردەکاندا، بەڵکە دەبێت دان بنێیت بە

ئەندێشەکانتدا و دان بنێیت بە جووڵەی ئەندێشەکانت و هەستپێنەکراوترین جووڵەی ئەم ئەندێشانە. و ئەم کردارانە و ئەم گوتنی ئەو شتەی کە لە ویژدان و لە ئەندێشـــەکاندا دەگوزەرێت لـە بەرانبەر ئـەویتردا، میکانیزمێکە کە کاری دراوگۆڕەوە دابین دەکات]].
بەڵام دەبێت ســـەرتر بچین، چون گرفت ئەمەیە کە چۆن ئـەنجامدانی بـەردەوامی ئـەم خود-هـەڵکۆڵینی زەرووری، بەپێی خواستی کاسیانوس، و ئەم خود-کۆنترۆڵی زەرووریی بچووکترین جووڵــەکـان لــە ئەندێشـــەکاندا دەڕەخســـێت؟ چۆن ئەم هێمنۆتیکی زەرووریی ئەندێشـــەکانمان دەڕەخســـێت؟ ئەو وەڵامـەی کە کاســـیانوس و ئیلهامبەخشـــەکانی پێشکەشی دەکەن، هەم ڕوونە هەم سەرسوڕهێنەر. وەڵامی کـاســـیانوس ئـەمـەیـە کـە تۆ بـە گوتنی ئەندێشـــەکانت بە مامۆســـتاکەت یا بە ڕێنماییکار و باوکە مەعنەوییەکەت، ئەندێشـــەکانت ڕاڤە دەکەیت؛ تۆ، بە دڵنیاییەوە، نەک بە دانپێدانان بە کردەکانت و نەک بە دانپێدانان بە گوناهەکان و هەڵەکانتدا، بەڵکە بـە دانپێـدانـانی بـەردەوام بـە ئـەو جووڵـەیـەدا کـە دەتوانیت لە ئەندێشەتدا نیشانی بدەیت، ئەندێشەکانت

ڕاڤە دەکەیت[٨٤]. بۆچی ئەم دانپێدانانە دەتوانێت ئەم ڕۆڵە هێرمنۆتیکییە لە ئەســتۆ بگرێت؟ ئەو هۆکارەی

---

[٨٤]. فوکۆ لە دواهەمین وانەی وانەوتارەکانی ١٩٧٩-١٩٨٠ لە کۆلێژ دو فڕانس و هەروەها لە وانەی ٦ی مایسی ١٩٨١ لە وانەوتاری لۆوڤەین، توێژینەوەی بەزمانهێنان کە، بەخودی خود کاریگەرییەکی ڕاڤەیی هەیە، شرۆڤە و پەرە پێ دەدات. بگەڕێنەوە بۆ: GV, p. 299-303 et MFDV, p. 138, 148-149. سەرەڕای ئەمەش، فوکۆ پێشتر لە بەرگی یەکەمی ***مێژووی سێکسواڵیتە***دا [***ویستی مەعریفەت***] گرفتی بەزمانهێنانی هەمیشەیی و گشتگیری گەلاڵە کردبوو، و قسەی لەسەر تێزی «بەگوتارکردن»ی سێکس کردبوو کە لە نەریتێکی زاهیدانە و ڕەهبانیدا شکڵی گرتووە و سەدەی هەڤدەیەم ڕێسای ئەم تێزەی بۆ هەمووان ڕەخساندووە. هەروەها فوکۆ لە مایسی ١٩٨٢ لە کاتی وتاردانیدا لە زانکۆی گرۆنۆبڵ، ئەم گرفتە زۆر ڕۆشنتر ڕوون دەکاتەوە: «[لە exomologesisدا] پابەندبوون یا ئیلزامێکی زۆر تاقانە بوونی هەیە کە دواتر نایدۆزینەوە، چون، لەگەڵ ئەمەشدا، دانپێدانان بە گوناهەکاندا ئەرکی گوتنی هەموو شتێک نییە؛ دانپێدانان بە گوناهەکاندا ئەرکی گوتنی هەڵە ئەنجامدراوەکانە و بە دڵنیاییەوە، ئەرکی گوتنی هەموو شتێک و پەردەهەڵماڵینی ئەندێشە بۆ ئەوی تر، نییە. ئەرکی گوتنی هەموو شتێک لە مەعنەوییەتی مەسیحیی سەدەی چوارەم و پێنجەمدا تاقانەیە. سەرەڕای ئەمەش، ئەم ئەرکە دواتر دووبارە دەیدۆزینەوە و بە کورتی، مێژوویەکی درێژخایەن و هاوشان و کەمێک ژێرزەمینی لە پێوەند بە ڕێوڕەسمی مەزنی تەوبەوە هەیە، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەم ئەرکە لە ڕێنمایی ویژداندا دووبارە دەیدۆزینەوە، ڕێنمایی ویژدان بەو جۆرەی کە دواتر گەشەی کرد و بەو جۆرەی کە لە سەدەی شانزەیەم و هەڤدەیەمدا ڕەونەق و هێزی بەبەردا

کە دێت بە زەیندا ئەمەیە: قوتابی بە ئاشــــکراکردنی جووڵــەکـانی دڵی، ڕێگــە بــە پیر[٨٥] دەدات کـە ئـەم جووڵانە بناسـێت، و پیر یا باوکی مەعنەوی بە هۆی ئەزموون و دانایی زیاترەوە باشـــتر دەتوانێت لەوە تـێـبـگـات کــە چــی ڕوو دەدات. پـیـربـوون [[و مامۆستابوونی]] ڕێگەی پێ دەدات کە لە ڕۆحی ئەو کەســەدا کە ڕێنمایی دەکات هەقیقەت جیا بکاتەوە لە وەهمەکان.

بــەڵام هۆکــاری بنــەڕەتیی کــاســــیانوس لــە ڕوونکردنەوەی زەروورەتی دانپێداناندا ئەمە نییە. بۆ کاســــیانوس، لـە کردەی بـەزمـانهێـنـاندا فـەزیـلـەتی تایبەتی هەڵســەنگاندنی هەقیقەت و پشــکنین بوونی هەیە. لە نێوان تەواوی ئەو نموونانەدا کە کاسیانوس دەیانگێڕێتەوە، نموونەیەک هـەیە کە بە تایبەت ئەم پنتـە ڕوون دەکـاتـەوە. کـاســــیانوس ئـەم چیرۆکـە دەگێڕێتــەوە: ڕاهیبێکی لاو بــە نــاوی ســــیراپیۆن ناتوانێت بەرگەی ڕۆژووی ناچاری بگرێت و هەموو شــەوێک پارچە نانێک دەدزێت؛ بەڵام، بە دڵنیاییەوە، بوێریی ئـەوەی نییـە کـە دان بنێـت بـەم کـارەدا لای

کرا.» بگەڕێنەوە بۆ: M. Foucault, *La Parrêsia*, conférence cit., p. 159.

٨٥. seigneur: مورشید یا پیری تەریقەت.

ڕێنمـاییکـاره مـەعنـەوییـەکـەی، و ڕۆژێـک ئـەم ڕێنمـاییکاره مـەعنـەوییه، کـه بێگومـان گومـانی لـه هەموو شــتێک کردبوو، وەعزێکی گشــتی دەربارەی زەروورەتی گوتنی هــەقیقــەت پێشـــکــەش کرد. ســـیراپیۆنی لاو که بەم وەعزه ڕازی بووبوو، لەژێر باڵاپۆشـــەکەی خۆیەوه ئەو پارچه نانه دەردێنێت که دزیبووی و نیشـــانی هەمووانی دەدا. پاشـــان خۆی دەدات بـه زەویـدا و دان دەنێت بـه نهێنیی خۆراکی ڕۆژانەی خۆیدا. کەواته، نەک له ســـاتی نیشـــاندانی پارچه نانی دزراودا، بەڵکه به ورديی لەو ســاتەدا که به شـێوەیەکی زارەکی دان دەنێت به نهێنیی خۆراکی ڕۆژانـەیدا و لـه خودی ســـــاتی دانپێدانانـدا، گوایـه ڕووناکییەک له جەســـــتەی ئەوەوه دێته دەرەوه و ژوورەکـه دەتـەنێت، و لـه هـەمـان کـاتـدا بۆنێکی وەڕزکەری گۆگرد له ژوورەکەدا بڵاو دەبێتەوه[٨٦].

دەبینین کـه لـەم چیرۆکـەدا توخمی دیـاریکـەر ئـەمـه نییه که مامۆســـــتا هەقیقەت دەزانێت. تەنانەت ئەمه نییه که ڕاهیبی لاو کردەکەی ئاشـکرا دەکات و شـته دزراوەکــه دەداتــەوه. بــەڵکــه توخمی دیــاریکــەر

---

[86]. Jean Cassien, *Second conférence de l'bbé Moise. De la discrésion*, XI, dans *Conférence*, t. I, *op*. cit., p. 121–123.

دانپێدانانە، کردەی زارەکیی دانپێدانان، کە دواهەمین ســـات دەگات و بە یەک مانای دیاریکراو، لە ڕێگەی میکانیزمی تایبەتی خۆیەوە، هەقیقەت و واقیعییەتی ئەو شـــتەی کە ڕوویداوە ئاشـــکرا دەکات. کردەی زارەکیی دانپێدانان بەڵگە و ئاشـــکراکردنی هەقیقەتە. بۆچی؟ چون، بە باوەڕی من، ئەوەی کە ئەندێشـــــە باشـــەکان جیا دەکاتەوە لە ئەندێشـــە چەپەڵەکان، بە وتەی کاســـیانوس، ئەمەیە کە ناتوانین بەبێ دژواری بگەڕێینەوە بۆ ئەندێشـــەگەلێک کە چەپەڵن. ئەگەر بە دانپێدانان بەم ئەندێشـــانەدا ســـوور دەبینەوە، ئەگەر مەبەســـتی شـــاردنەوەی ئەندێشـــەکانی خۆمان هەیە، تەنانەت ئەگەر تەنها لە گوتنی ئەندێشـــــەکانمان گومانمان هەیە، ئەمە بەڵگەیە لەســـەر ئەوەی کە ئەم ئەندێشـانە بەو ئەندازەیەی کە دەردەکەون باش نین؛ و شـــەیتان لەم ئەندێشـــانەدا نیشـــتەجێ بووە. بەم شـــێوەیە، بەزمانهێنان ئامراز و ڕێگەیەکە بۆ جیاکردنەوەی ئەو ئەندێشانەی کە خۆیان دەنوێننەوە و دەردەخەن. دەتوانرێت بەهای ئەم ئەندێشـانە تاقی بکرێتەوە، ئەویش بەپێی ئەمەی کە لە بەرانبەر بەزمانهێناندا بەرەنگاری دەکەن یا نا. کاســـــیانوس هۆکاری ئەم بەرەنگارییە دەخاتە ڕوو: شەیتان وەک ســـــەرچاوەی خراپە بێگانەیە بە ڕووناکی، و ئەو

کاتەی کە دانپێدانان ئەو لە ئەشـــکەوتە تاریکەکانی ویژدان دەکێشـێتە دەرەوە و دەیهێنێتە ناو ڕووناکیی گوتاری ڕاشکاوەوە، شەیتان لەگەڵ ئەو ئەندێشانەدا کـە لـەژێر ئـەوانـدا پـەنهـانـە بـەرەنگـاری دەکـات. کاسیانوس دەڵێت: «یەک ئەندێشەی خراپ و چەپەڵ کــە لــە بــەردەم ڕوونــاکیی ڕۆژدا جێ دەگرێـت دەسـتبەجێ ژەهرەکەی لە دەسـت دەدات. [...] یەک ماری تۆقێنەر کە ئەم دانپێدانانە لە کونی ژێرزەمینی و زوڵمەتەکەیدا دەکێشـــێتە دەرەوە تا لە بەردەم ڕووناکیدا دایبنێت و شەرمەزارییەکەی نمایش بکات، هەر زوو دەکشـــێتەوە.[٨٧]» ئایا ئەمە بەم مانایەیە کە ئــەوەنـدە بـەســــە کـە ڕاهیـب بـە دەنگی بـەرز ئەندێشـــەکانی، تەنانەت کاتێک کە تەنیایە، بە زماندا بهێنێت؟ بە دڵنیاییەوە نەخێر. حزووری کەســـێک، تـەنـانـەت ئـەگـەر قســــە نـەکات و تـەنـانـەت ئـەگـەر حزوورێکی بێدەنگ بێت، بۆ ئـەم جۆرە دانپێدانـانـە پێویســـتە[٨٨]، چون باوک، یا برا، یا باوکی مەعنەوی

[87]. Jean Cassien, *Second conférence de l'bbé Moise*. X, *op*. cit., p. 120-121.

[٨٨]. فوکۆ لە وانەی سێیەم و دەیەمی مارسی ١٩٨٢ لە وانەوتاری ***هێرمنۆتیکی سوژە***دا، بە خستنەڕووی دووبارەی «گەشەی هەتا بڵێی ئاڵۆز و تێکتەنراو و گرنگی هونەری قسەکردن» لە

کە ئەم دانپێدانانە دەبیسـتێت، وێنەی خواوەندە. و بەزمانهێنانی ئەندێشـەکان ئامراز و ڕێگەیەکە بۆ دانانی تەواوی ئایدیاکان، وێنەکان، چاندنەکان، بەو جۆرەی کـە دێنـە نـاو ویژدانـەوە، لـەژێر چـاوی خواوەنـددا، و لـەژێر ئـەم ڕووناکییـە خوداییـەدا بـە زەروورەت چییەتیی خۆیان نیشان بدەن.
کەواتە، لەم پنتەوە، دەتوانین بە کورتی ئاکامگیری بکەین کە: ١) بەزمانهێنان لە خۆیدا یەک کارکردی

---

مەعنەوییەتی مەسیحیدا، جەخت دەکاتەوە لەسەر یەک قڵپکردنەوەی بنچینەیی کە مەسیحییەت لە مێژووی ئەرکی «گوتنی هەقیقەت»دا هێنایە کایەوە: «لە یۆنان و ڕۆمی کۆندا ڕێنمایی ڕۆح [psychagogie] هێشتا بە تەواوەتی هاوشێوەی فێرکردن [pédagogie] بوو. ڕێنمایی ڕۆح پەیڕەوی لە پێکهاتەیەکی گشتیی یەکتا دەکرد کە بریتی بوو لەمەی کە ئەوە مامۆستایە کە گوتاری هەقیقەت بەزماندا دەهێنێت. مەسیحییەت، بە داواکردنی گوتنی هەقیقەت لە ڕۆحی ڕێنماییکراو [psychagogisé]، لە ڕۆحێک کە ڕێنمایی و هیدایەت کراوە، ڕێنمایی ڕۆحی لە فێرکردن جیا کردەوە؛ هەقیقەتێک کە تەنها ئەم ڕۆح [لە ڕێنماییکراوە] دەتوانێت بیڵێت، هەقیقەتێک کە تەنها ئەم ڕۆحە هەیەتی، هەقیقەتێک کە تاقانە نییە، بەڵام یەکێکە لە توخمەکانی ئەم کردە بنەڕەتییە کە شێوازی بوونی ڕۆح لەگەڵیدا دەگۆڕێت. و دانپێدانانی مەسیحی هەر ئەمەیە.» بگەڕێنەوە بۆ: HS, p. 345-347, 390-391. دەربارەی ئەم «لەئەستۆگۆتنی بەرپرسیارێتی»، هەروەها بگەڕێنەوە بۆ:
MFDV, p. 138-139; «La Parrêsia», conférence cit., p. 150-160, 183 ; GSA, p. 47.

ڕاڤەیی هەیە. بەزمانهێنان لە خۆیدا خاوەنی یەک دەسەڵاتی [*diacrisis* جیاکردنەوە] و [*discretion* دەستنیشانکردن]ـە. ٢) ئەم بەزمانهێنانە جۆرێک نیگای پاشەوپاش نییە دەربارەی کردەکانی ڕابردوو. ئەو بەزمانهێنانەی کە کاسیانوس ڕاهیبەکانی پێ ئەرکدار دەکات، دەبێت چالاکییەکی هەمیشەیی بێت، و تا ئاستی ڕەخساو هاوکاتی ڕەوتی ئەندێشەکان بێت. [[ڕاهیب دەبێت *omnes cogitatationes* ئەنجام بدات، واتە تەواوی ئەندێشەکان بە باوکان بڵێت]]. ٣) ئەم بەزمانهێنانە دەبێت گشتگیر بێت و تا ئاستی ڕەخساو لە قووڵایی ئەندێشەکاندا پێش بچێت. ئەم ئەندێشانە، هەرچی بن، یەک ئاخێزگەی نادیار، ڕیشەگەلێکی تاریک و ناڕوون، و بەشگەلێکی شاراوەیان هەیە، و ڕۆڵی بەزمانهێنان ئەمەیە کە ئەم ئاخێزگە نادیار و بەشە شاراوانە بدۆزێتەوە و ئاشکرا بکات. ٤) لەبەر ئەوەی کە بەزمانهێنان جووڵەی قووڵی ئەندێشە دەخاتە بەردەم ڕووناکیی دەرەکی، هەروەها و لە ڕێگەی هەمان پرۆسەوە، ڕۆحی مرۆڤ لە قەڵەمڕەوی شەیتانەوە بۆ یاسای خواوەند ڕێنمایی دەکات. [[ڕێگەیەک کە لە شەوەوە بۆ ڕووناکیی ویژدان ڕێنمایی دەکات، هەروەها ڕێگەیەکە کە لە

شەیتانەوە بۆ خواوەند ڕێنمایی دەکات]]. ئەمە بەم مانایەیە کە بەزمانهێنان ڕێگەیەکە بۆ ئەوەی کە ئیمانهێنان[٨٩][[دابڕان لە خود]]، و بەو جۆرەی کە باوکانی یۆنانی دەیانوت *metanoia*[تەوبەکردن لە گوناهـ گۆڕانی ڕۆحی]، گەشە بکات و ببێتە شتێکی کارتێکەر. لەبەر ئەوەی کە لە قەڵەمڕەوی شەیتاندا بوونی مرۆڤ وابەستەیە بە خۆیەوە، بەزمانهێنان وەک جووڵەیەک ڕووە و خواوەند چاوپۆشیکردنە لە شەیتان و چاوپۆشیکردن لە خود. ئەم بەزمانهێنانە هەمیشەیی، گشتگیر و قوربانیکەرەی ئەندێشەکان کە ڕاهیبەکان لە دامەزراوە ڕەهبانییەکاندا پێی ئەرکدار کرابوون، ئەم بەزمانهێنانە هەمیشەییەی ئەندێشەکان باوکانی یۆنانی بە *exagoreusis* ناویان دەبرد[٩٠].

بەم شێوەیە، وەک دەبینن، لە مەسیحییەتی سەدە یەکەمینەکاندا ئەرکی گوتنی هەقیقەت دەربارەی خود دەبوو دوو فۆرمی بنچینەیی هەبێت: *exomologesis* و *exagoreusis*، و وەک دەبینن، ئەم دوانە زۆر جیاوازن لە یەکتر.

---

[٨٩]. conversion؛ گۆڕانی ڕوانگە، گەڕانەوە بۆ دۆخی ئیمان.

[٩٠]. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر دەربارەی ئەم چەمکە، بگەڕێنەوە بۆ:
M. Senellart, dans GV, p. 311–312, n 53.

لە لایەکەوە، *exomologesis* بریتییە لە دەربڕینی نمایشـــیی تەوبەکار لە دۆخی گوناهکاربوونی، ئەم کارە لە جۆرێک ئاشـــکراکردن لە بەردەم نیگای هـەمووانـدا ئـەنجـام دەدرێـت. لـە لایـەکی ترەوە، *exagoreusis* کـە بـەزمـانهێنـانی شـــیکـاریی و هەمیشـــەیی ئەندێشـــەکانە، و ئەم کارە لە پێوەند بە گوێڕایەڵیی کامڵ لە ویستی باوکی مەعنەوی ئەنجام دەدرێت. بەڵام دەبێت ســـەرنج لەوە بدەین کە ئەم بـەزمـانهێنـانـە، بـەو جۆرەی کـە وتم، ڕێگـەیـەکـە بۆ چاوپۆشـــیکردن لە خود، و ڕێگەیەک بۆ ئەمەی کە ئیتر نەخوازین سوژەی ویست بین. کەواتە، ڕێسای دانپێـدانـان لـە *exagoreusis*دا و ئـەم ڕێســـای بەزمانهێنانی هەمیشـــەیی، دەتوانێت هاوتاکەی لە مۆدێلی شـەهیددا بدۆزێتەوە کە لە *exomologesis*دا دەبینرێت. ڕیـازەتکێشـــی زاهیـدانـە[91]ی پیـادەکراو بەسـەر جەستەدا و ڕێسای بەزمانهێنانی هەمیشـەیی ئەندێشـــەکان، بە دەربڕینێک ئەرکی ڕیازەتکێشـــانی جەســـتە و ئەرکی بەزمانهێنانی ئەندێشـــەکان، پەیوەندییەکی قووڵ و نزیکیان لەگەڵ یەکتردا هەیە. و ئـەم دووانـە- ڕیـازەتکێشـــانی جـەســـتـەیی و

---

[91]. ascetic maceration

بەزمانهێنان- نزیکن لە یەکتر. ئەمانە هەمان ئامانج و هەمان کاریگەریان هەیە. بە شـــێوەیەک کە دەتوانرێت ئەم پرەنســـیپە وەک توخمی هاوبەشـــی نێوان ئەم دوو پڕاکتیس و کردارە دەســـتنیشـــان بکرێت: لەم دوو ئەزموونەی مەســـیحییەتی ســـەدە یەکەمینەکاندا، ئاشـــکراکردنی هەقیقەت دەربارەی خود نـاتوانرێـت جیـا بکرێتـەوە لـە ئـەرکی چاوپۆشـــیکردن لە خود. ئێمە دەبێت چاوپۆشـــی لە خود بکـەین تـاوەکو هـەقیقـەت دەربـارەی خودمـان بدۆزینەوە، و دەبێت هـەقیقـەت دەربـارەی خودمـان بـدۆزینـەوە تـاوەکو چـاوپۆشـــی لـە خود بکـەین. هەقیقەت و چاوپۆشـــیکردن لە خود، بە دەربڕینێک هەقیقەت دەربارەی خود و چاوپۆشـــیکردن لە خود، بە شـــێوەیەکی قووڵ و نزیک لە یەکتر بەســـتراون بەیەکەوە. نەک تەنها پێویســـتە چاوپۆشـــیکردن لە خود وەک یەک گۆڕانی ڕیشـەیی لە شـێوازی ژیاندا دەرک بکەین، بەڵکە پێویســـتە وەک ئاکامی ئەم فۆرمویلـەیـەش دەرکی بکـەین: [[تۆ تـەنهـا کـاتێک دەبیتە ســـوژەی ئاشـــکراکردنی هەقیقەت دەربارەی خود کە بە گوێڕایەڵیکردن لە ئەوانی تر یا بە هێنانی مەرگ بۆ ناو گۆڕەپانی گشـــتی لە *publication sui*، چاوپۆشـی لەوە بکەیت کە ســوژەی ویســتت بیت]].

تۆ تەنها و تەنها لە حاڵەتێکدا دەبیتە ســــوژەی ئاشـــــکراکردنی هەقیقەت دەربارەی خود کە لەناو بچیت یا خۆت وەک یەک جەســــتەی واقیعی یا یەک بـوونـی واقـیـعـی[٩٢] ویـران بـکـەیـت. *Facere veritatum*[ی قەدیس ئۆگەستین]، واتە دروستکردنی هەقیقەت دەربارەی خود بەبێ چاوپۆشـــیکردن و قوربانیکردنی خود مەحاڵە.[٩٣]

---

92. a real existence

٩٣. فوکۆ لە کۆتایی وانەوتاری ١٩٧٩-١٩٨٠ لە کۆلێژ دو فرانس بە ئاشکرا دەڵێت: «بە باوەڕی من ئەم پەیوەندییەی نێوان بەرهەمهێنانی هەقیقەت و چاوپۆشیکردن لە خود، دەتوانرێت ناو بنرێت چوارچێوەی گشتیی سووبێکتیڤیتەی مەسیحی یا بە دەربڕینێکی وردتر، چوارچێوەی گشتیی سوژەسازیی مەسیحی، واتە ڕێوشوێنی سوژەسازی کە لەڕووی مێژووییەوە لە مەسیحییەتدا شکڵی گرت و گەشەی کرد، و خەسڵەتەکەی بە چەشنێکی دژبەیەک پەیوەندیی ئیلزامی نێوان ڕیازەتکێشانی خود و بەرهەمهێنانی هەقیقەتی خودە». بگەڕێنەوە بۆ: GV, p. 303. فوکۆ لە یەکەمین وانەی وانەوتاری ١٩٨١-١٩٨٢ لە کۆلێژ دو فرانس، قسە لەسەر کۆمەڵەیەکی «لێکدژییەکانی مێژووی ئەخلاقییات» دەکات، کۆمەڵەیەک کە بە گومانی ئەو لە ڕەتکردنەوەی پرەنسیپی کەڵکەڵەی خود پاش سەردەمی کۆن بەشدار بوو، بەڵام بەڕاشکاوی ئاماژە بە مەسیحییەت ناکات. (بگەڕێنەوە بۆ: HS, p. 14-15). لەگەڵ ئەمەشدا، وا دەردەکەوێت کە فوکۆ دوو ساڵ دواتر ئەم خاڵە ڕادەسپێرێت کە دەکرێت «لێکدژیی کەڵکەڵەی خود لە مەسیحییەتدا» بۆ سەر ئەم کۆمەڵەیە «سەربار بکرێت»، واتە بەوردی ئەم

❊❊❊

ئێستا با کەمێک بوەستین. هەم زیاد لە ڕادە تێروتەسەل قسەم کرد هەم زیاد لە ڕادە کورت. پێم خۆشە ئەو شتەی کە وتم تەنها وەک یەک پنتی دەستپێک لەبەرچاوی بگرن، بە دەربڕینێک یەکێک لە ئاخێزگە ئێجگار بچووکەکان کە نیچە پێی خۆش بوو لە دەستپێکی شتە گەورەکاندا بیدۆزێتەوە، شتگەلێکی گەورە کە ئەو کردارە ڕەهبانیانە ڕادەگەیێنن کە بێ هەژمارن. دروست بەر لە کۆتایی وتارەکەم ئاماژە بە هەندێکیان دەکەم.

---

واقیعییەتە کە لە مەسیحییەتدا، گەڕان بەدوای ڕزگاریدا بە دڵنیاییەوە بە مانای هەبوونی کەڵکەڵەیە سەبارەت بە خود یا نیگەرانبوون بۆ خود، بەڵام ئەم کەڵکەڵەی خود دەبێت فۆرمی چاوپۆشیکردن لە خود بدۆزێتەوە. بە باوەڕی فوکۆ، ئەم لێکدژییە مەسیحییە لەوانەیە بەشدار بووە لە گۆڕینی کەڵکەڵەی خود بۆ شتێکی گومانهێنەر لە کۆمەڵگەکانی ئێمەدا کە «بە شێوەیەکی گشتی وەک فۆرمێکی عیشقی ئاشکراکراو بۆ خود، فۆرمێکی خۆخوازی یا بەرژەوەندیی تاکیی بێگانە بە بەرژەوەندییەک کە دەبێت پێشکەش بە ئەوانی تر بکرێت یا بێگانە بە چاوپۆشیکردن لە خود کە زەروورییە، دەردەکەوێت». بگەڕێنەوە بۆ:

M. Foucault, «L’éthique du souci de soi comme pratique de la libérté», entretien cit., p. 1531-1536.

١. وەک دەبینن، دەرکەوتنی جۆرێکی نوێی خود، یا بە لایەنی کەمەوە جۆرێکی نوێی پەیوەندیی لەگەڵ خوددا دەبینین. [[دەرکەوتنی ئەو شتەی کە دەتوانین ناوی بنێین خودی خاوەن مەعریفەتی ناخەکی[٩٤]]]. ئەو شـــتەتان لەبیرە کە ڕۆژی ڕابردوو پێم وتن: ئامانجی تەکنەلۆژیای یۆنانیی خود، یا تەکنیکە فەلســـەفییەکانی خود، بەرهەمهێنانی یەک خود بوو کە من بە خودی مەعریفەتمەند[٩٥] ناوم برد، خودێک کە بتوانێت و دەبێت هاودەقی هەمیشـــەیی ســـوژەی مەعریفە و ســـوژەی ویســـت بێت لە چێوەی یادگەدا. [[ئەو شـــتەتان لەبیرە کە لە ســـەرەتای ئەم وتارەدا ئاماژەم پێ کرد: لە بزووتنەوە عیرفانییەکاندا، پێکهێنانی یەک یەکەی ئۆنتۆلۆجییانە مەبەســـت بوو، مەعریفەی ڕۆح و مەعریفەی بوون[٩٦] جێی مەبەســـت بوو. بەم شـــێوەیە، دەتوانرێت ئەو شـــتەی کە لە مەســـیحییەتدا پێک دەهێنرێت ناو بنرێت خودی عاریف[٩٧]]]. بە باوەڕی من، لە مەسیحییەتدا گەشـەی یەک تەکنەلۆژیای زۆر ئاڵۆزتری خود دەبینین.ئەم

---

94. Le soi gnoséologique/gnoseologic self

95. Le soi gnomique/gnomic self

96. the knowledge of being

97. Le soi gnostique/gnostic self

تەکنەلۆژیای خود جیاوازیی نێوان مەعریفەی بوون- مەعریفەی جیهان، مەعریفەی سرووشت- و مەعریفەی خود دەپارێزێت. و [[ئەمە جیاوازییەکی بنچینەیی هەیە لەگەڵ خودی عاریف و لەگەڵ تەکنەلۆژیای خودی عاریف. و [دووەم]، ئەم مەعریفەی خود نەک لە هاوشوناسیی ویست و هەقیقەتدا چەشنی ئەوەی کە لە خودی مەعریفەتمەنددا دەیبینین]]، بەڵکە لە پێکهێنانی ئەندێشەکاندا شکڵ دەگرێت، ئەندێشەکان وەک یەک هەرێمی دراوە سوبێکتیڤەکان کە دەبێت ڕاڤە بکرێن. و ڕۆڵی ڕاڤەکار بەزمانهێنانی بەردەوامی هەستپێنەکراوترین جووڵەکانی ئەندێشەیە- هەر لەبەر ئەمەیە کە دەتوانین بڵێین خودی مەسیحی[٩٨] کە پەیوەستە بەم تەکنیکەوە خودی خاوەن مەعریفەتی ناخەکی[٩٩]یە.

٢. دووەمین خاڵ کە گرنگ دەکەوێتە بەرچاوم ئەمەیە: دەتوانین لە مەسیحییەتی سەدە یەکەمینەکاندا هاتنوچوونێک نیشان بدەین لە نێوان تەکنەلۆژیای هەقیقەت دەربارەی خود کە پەیوەستە بە

98. christian self

99. Le soi gnoséologique/gnoseologic self

ئاشــکراکردنی گوناهکار و ئاشــکراکردنی بوونەوە- ئەو شــتەی کە دەتوانین ناوی بنێین وەســوەســەی ئۆنتۆلۆجییـانــەی مـەســـیحییـەت، و ئــەمــە *exomologesis*ــــــە- و یەک تـەکنـەلۆژیای تری هەقیقەت کە پەیوەســـتە بە شـــیکاری گوتاریی و هەمیشەیی ئەندێشەوە- و ئەمە *exagoreusis*ـــە، و دەتوانین وەسوەسەی ئۆنتۆلۆجییانەی مەسیحییەتی تێدا ببینین. وەک دەزانن، پاش چەند کێشـــەکێش و هـاتنوچوونێک، دووەمین فۆرمی تـەکنـەلۆژیا، [[واتـە *exagoreusis*، بــە دەربڕینێــک وەســـــوەســـــەی ئیپســتمۆلۆژیکی مەســیحییەت]]، یا ئەم تەکنەلۆژیای ئیپســـتمۆلۆژیکی خود، یا ئەم تەکنەلۆژیای خود کە پەیوەستە بە بەزمانهێنانی هەمیشـەیی و دۆزینەوەی هەســتپێنەکراوترین جووڵەکانی خودەوە، ئەم فۆرمە پــاش چــەنــدین ســـــەدە بووە فۆرمێکی زاڵ و سەرکەوتوو و لەمڕۆدا باڵادەستە.

٣. تـەنـانـەت لـەم تـەکنیکـە هێرمنۆتیکییـانـەدا کـە لـە *exagoreusis*ـــــــەوە داڕێژراون، بـەرهـەمهێنـانی هـەقیقـەت بـەبێ مـەرجێکی زۆر ســـــەختگیر و زۆر پابەندکەر ڕەخسـاو نییە: هێرمنۆتیکی خود پێویسـتی بە چاوپۆشـیکردن لە خود، [[و ئەڵبەتە پێویسـتی بە پرۆســەیەکی ناشـوناسـییە]]. و ئەمە بە باوەڕی من،

لێکدژیی قووڵ، یا بە دەربڕینێک، دەوڵەمەندیی بنچینەیی تەکنەلۆژیا مەسیحییەکانی خود[100]ە: هەقیقەت دەربارەی خود بەبێ چاوپۆشیکردن لە خود یا بەبێ قوربانیکردنی خود بوونی نییە. [[دەتوانرێت هۆکاری بنەڕەتیبوونی دانپێدانان بە گوناهەکاندا لە مەسیحییەتدا لەم شوێنەدا بدۆزرێتەوە. لە دانپێدانان بە گوناهەکاندا، بەزمانهێنان وەک گەمەی گوتاریی هەقیقەت[101] کە قوربانیکردنی سوژەیە، بە دامەزراوەیی دەکرێت، سوژەیەک کە لە ساتی قسەکردندایە]].

٤. و دواهەمین خاڵ؛ بە باوەڕی من، یەکێک لە گەورەترین گرفتەکانی کولتوری ڕۆژئاوا ئەمە بووە کە ئەگەری بونیاتنانی هێرمنۆتیکی خود نەک بەرمەبنای چاوپۆشیکردن لە خود یا قوربانیکردنی خود، بەو جۆرەی کە لە مەسیحییەتی سەدە یەکەمینەکاندا هەبوو، بەڵکە، بە پێچەوانەوە، بەرمەبنای دەرکەوتنی پۆزەتیڤی خود، دەرکەوتنی تیۆرتیکیی خود و دەرکەوتنی پراکتیکیی خود، بدۆزێتەوە: [[خواستێک بۆ تەکنەلۆژیای وەکیەکی و

[100]. christian technologies of self

[101]. discursive truth-game

شـــوناســـی خود، نەک خواســـتێک بۆ تەکنەلۆژیای چـاوپۆشـــیکردن لـە خود]]. ئـامـانجی دامـەزراوە دادوەرییـەکـان یـا دامـەزراوە یـاســـاییـەکـان [[لـە ناوەڕاســـتی ســـەدەکانی ناوەڕاســـتدا]]، و هەروەها ئـامـانجی کرداره پزیشـــکییـەکـان، [[کرداره دەروونپزیشکییەکان و کرداره دەروونناسییەکان لە کۆتـایی ســـــەدەی هـەژدەیـەم]] و ئـامـانجی تیۆریی سیاسی و فەلسەفی [[و ئیپستمۆلۆژیکی لە سەدەی هەڤدەیەم بەدواوە هەر ئەمە بووە]]، واتە پێکهێنانی سوبێکتیڤیتە وەک ڕیشـەی یەک خودی پۆزەتیڤ[١٠٢]، ئـەو شـــتـــەی کـــە دەتـوانـیـن نـاوی بـنـێـیـن مرۆڤناسیگەرایی[١٠٣] هەمیشەیی ئەندێشەی ڕۆژئاوا و [[ڕێگـەی ڕۆژئـاوایی بیرکردنـەوە]]. بـە بـاوەڕی من، [[ئـەم مرۆڤنـاســـیگـەرایی و ئـەم خواســـــت بۆ تەکنەلۆژیای وەکیەکی و شـــوناس، و خواســـت بۆ تیۆریی مرۆڤ وەک ڕیشـــــەی هێرمنۆتیکی خود، پەیوەســتە بە دۆخ و بە میراتی مەسیحییەتەوە]]. بە گومانم مرۆڤناســـیگەرایی پەیوەســـتە بە ئارەزووی قـوولـی [[کـۆمـەڵـگـەی مـۆدێرنـی ڕۆژئـاوا]] بـۆ

102. positive self

103. Anthropologisme/anthropologism

جێگیرکردنی فیگەری پۆزەتیڤی مرۆڤ لە شــــوێنی چاوپۆشــیکردن لە خود یا قوربانیکردنی خود کە بۆ مەسیحییەت مەرجی کرانەوەی خود بوو، خود وەک یــەک هــەرێمی ڕاڤــەکردنی لــەکۆتــابــەدەر[١٠٤]. [[یـا دەتوانین بڵێین]] بە درێژاییی دوو ســـــەدەی دوایی، گرفــت [[یــا یــەکێــک لــە گرفتــەکــانی کولتوری ڕۆژئــاوایی]] ئــەمــە بووە کــە [[چۆن دەتوانین هێرمنۆتیکی خود لە چاوپۆشــــیکردنی زەرووری لە خود کە لە سەرەتای مەسیحییەت بەدواوە پەیوەست بوو بەم هێرمنۆتیکی خودەوە، ڕزگار بکەین؛ و چۆن دەتوانین خۆمـان لـەم گرفتـە دەربـاز بکـەین؟]] بـە درێژاییی دوو ســـەدەی دوایی، گرفت ئەمە بووە کە: بنەڕەتی پۆزەتیڤی تەکنەلۆژیاکانی خود کە ئێمە بۆ چەندین ســـــەدە گەشـــــەمان پێ داوە، دەتوانێت چی بێت؟ بەڵام ڕەنگە، بۆ ئێمە ســـــاتی ئەوە هاتبێت کە

---

[١٠٤]. فوکۆ لە ئاکامگیریی وتارەکەیدا، وتاری «تەکنیکەکانی خود»، لە زانکۆی ڤێرمۆنت لە ١٩٨٢، بە ڕێگەیەکی هاوشێوە جەخت دەکاتەوە کە لە سەدەی هەژدەیەمدا «"زانستە مرۆییەکان" دووبارە "تەکنیکەکانی بەزمانهێنان"یان لە بەستێنێکی جیاوازدا جێ کردەوە؛ و ئەم تەکنیکانەیان نەک تەنها بۆ ئامرازی چاوپۆشیکردنی سوژە لە خۆی، بەڵکە گۆڕی بۆ ئامرازێکی ئەرێنیی پێکهێنانی سوژەیەکی نوێ». بگەڕێنەوە بۆ وتاری «تەکنیکەکانی خود» لە: م. فوکۆ، ***شانۆی فەلسەفە***، ل. ٥٥٤. (و. کوردی)

پرســـیارێکی تر بخەینە ڕوو، و لە خۆمان بپرســـین کە: ئایا ئەم هێرمنۆتیکی خود [[ئەوە دەهێنێت کە ڕزگاری بکەین]]، ئایا بە ڕاستی ئێمە پێویستمان بە هێرمنۆتیکی خود هەیە [[کە لە یەکەمین ســـەدەکانی مەســـیحییەتەوە بە میرات بۆمان ماوەتەوە؟ ئایا پێویســـتمان بە مرۆڤ هەیە، بە مرۆڤێکی ئەرێنی وەک بناغە و بنەڕەتی هێرمنۆتیکی خود؟]] ڕەنگە گرفتی خود ئەمە نییە کە ئەوە کەشف بکەین کە ئەم خودە چییە، ئەم خودە لە پۆزێتیڤیتییەکەیدا چییە؛ ڕەنگە گرفت ئەمە نییە کە خودی پۆزەتیڤ یا بنەڕەتی پۆزەتیڤی خود کەشف بکەین. بەڵکە گرفتی ئێمە لە ئێســـتادا ئەمەیە کە کەشـــف بکەینئەم خودە جگە لە هاوبەســـتە یا هاوژینی مێژوویی تەکنەلۆژیا پێکهێنراوەکان بە درێژایی مێژوومان هیچ نییە[١٠٥].

---

[١٠٥]. فوکۆ لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ هیوبێرت دریفۆس لە ٢٤ی ئۆکتۆبەری ١٩٨٠ لە بێرکلی، دەڵێت کە«گرفتی من ئەمەیە کە لە فەلسەفەی ڕۆژئاوادا یا بە لایەنی کەمەوە لە فەلسەفەی فەڕەنسیدا [...] نەریتێک هەیە کە لەم نەریتەدا، فەلسەفەی سوژەی ڕاڤەکاری خۆی و پرسیارکەر دەربارەی خۆی، بانگەشەی دۆزینەوەی فەلسەفەیەکی ئۆبێکتیڤی مرۆڤ دەکات (کە دەتوانێت مرۆڤگەرایی [humanism] بێت، دەتوانێت مرۆڤناسی بێت و هتد). ئەم بزووتنەوەی مرۆڤناسی یا مرۆڤناسیگەرایی، ئەم قڵپکردنەوە و ئەم خواستی هەمیشەیی کە من پێی دەڵێم هێرمنۆتیک، بریتییە لەمەی

لەم حاڵەتەدا [[ڕەنگە گرفت ئەمە نەبێت کە بنەڕەتێکی پۆزەتیڤ بۆ ئەم تەکنەلۆژیا ڕاڤەییەکان بدۆزینەوە]]. ڕەنگە لە ئێستادا گرفت گۆڕینی ئەم

---

کە بەپێی بناغەی خود و ئەزموونی خود لەو ڕووەوە کە ئەزموونێکی سوبێکتیڤە، شتێک بدۆزریتەوە و بەدوای شتێکدا بگەڕێین کە دەتوانێت وەک مەعریفەی ئۆبێکتیڤی مرۆڤ بەهای گەردوونی یا جیهانی هەبێت. ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە دەمەوێت ڕەخنەی بکەم.» و بەم ڕوونکردنەوەیە درێژەی پێ دەدات «بۆ ئەوەی کە خودمان لە سەرەتادا جەوهەرێکی مرۆیی نیشان نەدەین کە دەتوانرێت دەرک بکرێتەوە و بە دەست بهێنرێتەوە یا دەتوانرێت بە چەشنێک پێناسە بکرێت کە نەتوانرێت دەرک و بە دەست بهێنرێتەوە، تاکە شێواز لە دیدگای میتۆدۆلۆژیکییەوە ئەمەیە کە لە هەنگاوی یەکەمدا، بە دەستپێکردن بە کردارەکان و دەستپێکردن بە کردارەکان لە مێژوومەندیی خۆیاندا ئەو شتەی کە ئەنجاممان داوە شیکار بکەین. و بەم کارە، لە لایەکەوە، بە دڵنیاییەوە دوور دەکەوینەوە لەمەی کە لە سەرەتادا سرووشتێکی مرۆیی بخەینە پاڵ خودمان، جەوهەرێکی مرۆیی کە دەتوانێت فلان یا فیسار بێت، یا دوور دەکەوینە لە گوتنی ئەم تێزە ئێگزیستانسیالیستییەی کە " جەوهەری مرۆیی بە جۆرێکە کە مەعریفە دەربارەی ئەم جەوهەرە مەحاڵە". بە کورتی، ئەمە شێوازی خستنە پاڵی سرووشتی مرۆیی بۆ خودمان بوو- یەک مرۆڤناسیگەرایی نەرێنی. بە گومانم ئەگەر دەمانەوێت دوور بکەوینە لە مرۆڤناسیی ئەرێنی و هەروەها لە مرۆڤناسیی نەرێنی، میتۆدی شیکارکردنی مێژوویی کردارەکان پێتی دەستپێکردنمانە.» بگەڕێنەوە بۆ:

M. Foucault, *Discusion about books*, inédit, I MEC/Fonds Michel Foucault, c 18(1).

تەکنەلۆژیانەیە [[یا ڕزگاربوون لەم تەکنەلۆژیانە و دواجار، ڕزگاربوون لە چاوپۆشـــیکردن لە خود کە پەیوەســـتە بەم تەکنەلۆژیایانەوە]]. لەم حاڵەتەدا، لەمڕۆدا یەکێک لە گرفتە ســەرەکییە ســیاســییەکان سیاسـەتی خود[١٠٦]ـــی ئێمەیە، سیاسـەت لە مانای وردی وشـەدا[١٠٧].

---

[106]. the politics of self

[١٠٧]. ئەم دەستەواژەیە دەتوانێت ئەو شتە بەبیر بهێنێتەوە کە فوکۆ لە ١٧ی شوباتی ١٩٨٢ لە چوارچێوەی وانەوتاری ***هێرمنۆتیکی سوژە***دا، وتی: «ڕەنگە لەم زنجیرە هەنگاوانەدا بۆ دووبارە پێکهێنانەوەی یەک ئەخلاق [éthique]ی خود، لەم کۆمەڵە هەوڵە کەم تا زۆر ڕاوەستاو و وشکانەدا بۆ کارکردن لەسەر خود و لەم بزووتنەوەدا کە هەنووکە ناچارمان دەکات بێوچان بگەڕێینەوە بۆ ئەم ئەخلاقی خود و لە هەمان کاتدا هەرگیز هیچ ناوەڕۆکێک ناداتە ئەم ئەخلاقە، پێم وایە شتێک بۆ گومانبردن بوونی هەیە کە مەحاڵێتیی پیکهێنانی یەک ئەخلاقی خودە لە ساتی ئێستادا، لە کاتێکدا کە ئەگەر ڕاستە کە بۆ بەرەنگاری لە بەرامبەر دەسەڵاتی سیاسیدا، پنتێکی تری یەکەمین و کۆتایی بەدەر لە پەیوەندیی خود لەگەڵ خود بوونی نییە، ڕەنگە پێکهێنانی یەک ئەخلاقی خود هەوڵێکی دەستبەجێ و بنەڕەتی و لە ڕووی سیاسییەوە زەرووری بێت.» بگەڕێنەوە بۆ: HS, p. 241. بەڵام هەروەها دەشێت ئەم دەستەواژە و دەربڕینە لەبەر ڕۆشنایی ئەو دەقانەی کە دەربارەی کانت و دەربارەی ***ڕۆشنگەری*** نووسراون، ڕاڤە بکەین؛ لەم دەقانەدا فوکۆ ئایدیای یەک «ڕەخنە» لە فۆرمی جۆرێک «بووننیاسیی خودمان» شرۆڤە و پەرە

زۆر سوپاسی ئێوە و سەرنجتان دەکەم

---

پێ دەدات کە لە هەمان کاتدا جۆرێک «بوونناسیی ئێستاییبوون»ـە و دواجار، بەهایەکی «سیاسی»ی ڕوونی هەیە. بگەڕێنەوە بۆ:
GSA, p. 22; «What is Enlightenment?», et «Qu’est-ce que les Lumières?», dans DE II, n 339 et 351, p. 1393 et 1506-1507.

بە هەر حاڵ، ئەوەی کە دەبێت جەختی لەسەر بکەمەوە پەیوەندیی نێوان کاری سیاسی و توێژینەوەی مێژووییە؛ بەو جۆرەی کە فوکۆ لە گفتوگۆیەکدا لە ١٩٨١ دەڵێت کە مەبەست هەمیشە «سستکردنی شتەکانە بە شیکارکردنی مێژوویی، یا بە دەربڕینێکی وردتر، نیشاندانی ئەمەی کە شتەکان بە درێژایی مێژوویەکی دیاریکراو پێک هێنراون. [...] پەیوەندیی ئێمە لەگەڵ شێتی پەیوەندییەکی لە ڕووی مێژووییەوە پێکهێنراوە. و لەو ساتەوە کە لە ڕووی مێژووییەوە پێک هێنرا دەتوانێت لە ڕووی سیاسییەوە وێران بکرێت. ئەڵبەتە کاتێک کە دەڵێم "لە ڕووی سیاسییەوە"، مانایەکی زۆر بەربڵاو و فرەڕەهەند بە وشەی "سیاسی" دەبەخشم: بە هەر حاڵ، ئەگەرەکانی کردە بوونیان هەیە، چون لە ڕاگوزەری ژمارەیەک کردە و پەرچەکردار و لە ڕاگوزەری ژمارەیەک خەبات و جەنگەکانەوە بۆ وەڵامدانەوەی ژمارەیەک گرفتەکانە کە ئەم ڕێگەچارانە هەڵدەبژێرین». بگەڕێنەوە بۆ:
M. Foucault, «Entretien de Michel Foucault avec André Berten», dans MFDV, p. 243.

سەرچاوەی وەرگێڕانی ئەم کتێبە:

میشل فوکو، خاستگاه هرمنوتیک خود (سخرانی‌هادر کالج دارتموت ۱۹۸۰)، ترجومەی نیکو سـرخوش و افشـین جهاندیده، چاپ اول، تهران، نشر نی، ۱۳۹۵.
Michel Foucault, About the Beginning of the Hermeneutics of the Self, Lectures at Dartmouth College 1980, translated by Graham Burchell, Edition Established by Henri-Paul Fruchaud and Daniele Lorenzini, the University Chicago Press, 2016.
Michel foucault, The Politics of Truth, translated by Lysa Hochroth and Catherine Porter, Edited by Sylvère Lotringer, Inrtoduction by John Rajchman, semiotext(e), Los Angeles, 2007, p. 147-169.